گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/0fwy1v86
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 12/04/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 06/07/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2025

# بنەما ڕەخنەییەکانی کۆمەڵناسیی ڕەخنەیی لە ڕۆمانی (پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە)ی مەحمود نەجمەددیندا (بەپێی ڕوانگەی تیۆری کلۆد دوشیە)

**لقمان مقديد احمد[1] - هەڵمەت بایز ڕەسول[2]**
luqmanmaghdid@gmail.com – halmat.rasool@soran.edu.iq
[1+2] بەشی کوردی، فاکەلتی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
یەکێک لە ئاراستەکانی کۆمەڵناسیی ئەدەبی، کۆمەڵناسی ڕەخنەییە کە لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردو، لەسەر دەستی کلۆد دوشیە پەرەپێدراوە، کە بە کاریگەری ڕەوتە ڕەخنەییەکانی میتۆدی کۆمەڵایەتی و شێوازگەری و زمانی، وەک ئاراستەیەکی نوێ لەبواری کۆمەڵناسیی دەردەکەوێت، دوشیە لەژێر کاریگەری ڕەوت و تیۆرەکانی میتۆدی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندییان لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی، شێوازێکی نوێ بەناوی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بونیاتدەنێ. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی: **بنەما ڕەخنەییەکانی کۆمەڵناسیی ڕەخنەیی لە ڕۆمانی (پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە)ی (مەحمود نەجمەدیندا)، بەپێی ڕوانگەی تیۆری (کلۆد دوشیە)**، هەوڵێکە بۆ ناساندنی کۆمەڵناسیی دەق و ڕەخنەیی، کە لەناو ئاراستە بەربڵاوەکانی کۆمەڵناسیی ئەدەبیدا، ئاسۆیەکی تازە بۆ ڕاڤەی دەق لە چوارچێوەی کۆمەڵگای دەق و سەرچاوە و گوتاری کۆمەڵایەتی دەهێننە پێشەوە، بەپێچەوانەی ئەو تێگەیشتنەی کە دەق لەڕێی کۆمەڵگاوە ڕاڤەبکرێت. چونکە ئامانجمان لەم توێژینەوەیە جێبەجێکاری تیۆرییەکی نوێی ڕەخنەی ئەدەبییە، لەلایەکی دیکە ئەو خوێندنەوەیە پێچەوانەی ئەو تێگیشتنەیە، کە دەق لەڕێی کۆمەڵگاوە ڕاڤەبکرێت، بەڵکو لەڕێی زمانی دەقەوە، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتەڕو. بنیادی ڕۆمانەکە گوزارشتە لە نۆرمێک، کە هێزی باڵادەست لەناو ئەو فەزایەی ڕژێمدا، بەجۆرێک دەستکاری سایکۆلۆژیای تاکی کورد دەکات، کە لێرەدا بونیادەکە لەسەر زمانی شکۆفە ڕوبەری مەرگ درێژتر دەکاتەوە، لە بونیادی گێڕنەوەی کۆمەڵگای سەرچاوەدا، ڕۆمانەکە گوزارشتە لەوەی کە باڵادەستی هێز ئەم هزرەی خوڵقاندوە، کە لە پێکهاتەی بەعسی و باوەڕنەهێنان بە ئازادی دیل و یەخسیر نەهێشتنەوە، (ئەوی دیکە) ی کورد بە جۆرێک خراوەتە پەراوێزەوە، کە تەنانەت ناسنامە و بەها و کلتوریشیان بەر چەمکی سڕینەوە بکەوێت.
**وشە کلیلیەکان:** کۆمەڵگای دەق، کلۆد دوشیە، کۆمەڵگای سەرچاوە، گوتاری کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناسی ڕەخنەیی، ڕۆمانی پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە

# The Criticism Basics of Social Criticism in The Novel (The Men Haven't Returned in Dream Even) By Mahmood Najmaddin.

**Luqman Maqdid Ahmad[1] - Halmat Baiz Rasool[2]**

[1+2]Department of Kurdish, Faculty of Arts, Soran University, Soran, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

One of the directions of socio literature is the socio critique that had been improved by Claude Duchet in the middle of the Eightieth of the last century. Under the effect of the social criticism, shape criticism, language criticism, methods appeared as one of the new direction in sociology. Duchet under the effect of groups and methods of sociology methods in relation with social environment, a new shape under the name of social criticism he built. The title of the paper (The criticism basics of social criticism in the novel (The men haven't returned in dream even) by Mahmood Najmaddin is an attempt to recognize the social texts and criticism, in the huge space contextual of socio literature and providing another new aspect in understanding the text under the effect of sociology texts and sociogram, opposite of the meaning of understanding the text by social explanations.

The base novel is about changing the scope of Kurdish-person's psychology has been wide not only in language but psychology. The authority of Ba'thism created this environment, as the result of this, they didn't believe in releasing the prisoners on the other hand the Kurd has been neglected in a way that they were at the edge of losing identity, value, and culture.

**Keywords**: The text society, Claude Duchet, The source society, Sociogram, Criticism sociology, Novel The Men Haven't Returned in Dream Even.

## 0-پێشەکی:

یەکێک لە ئاراستەکانی کۆمەڵناسیی ئەدەبی، کۆمەڵناسیی دەقییە، کە لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردو، لەسەر دەستی پیر زیما و کلۆد دوشیە پەرەپێدراوە، کە بە کاریگەری ڕەوتە ڕەخنەییەکانی میتۆدی کۆمەڵایەتی و شێوازگەری و زمانی، وەک ئاراستەیەکی نوێ لەبواری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت، زیما و دوشیە کاریگەربون بە پییر ماشێری و لۆکاش و باختین و پرۆپ و گریماس، جولیا کریستیڤا و گۆڵدمانەوە، بەوەی ڕۆمانیان وەک بونیادێکی دەلالی و ئایدۆلۆژی باڵادەست دەبینی، کۆمەڵناسیی دەقی و ڕەخنەیی لەناو ئاراستە بەربڵاو و لقەکانی کۆمەڵناسیی ئەدەبیدا، ئاسۆیەکی تازە بۆ ڕاڤەی دەق دەهێننە پێشەوە.

**0-1-ناونیشانی توێژینەوە: بنەما ڕەخنەییەکانی کۆمەڵناسیی ڕەخنەیی لە ڕۆمانی (پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە)ی (مەحمود نەجمەدیندا)، بەپێی ڕوانگەی تیۆری (کلۆد دوشیە)**، لە سنوری تەنها یەک ڕۆماندا بە میتۆدی ڕەخنەی

کۆمەڵایەتی، لەڕێی ڕۆشنایی ڕوانگەی تیۆری کلۆد دوشیە، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی بونیادی زمانی، کە لە ڕێی زمانەوە لەناو دەقی ئەدەبیدا بەرجەستە دەبن.

**0-2-پرسیاری توێژینەوەکە:** ئایا تیۆری کۆمەڵناسیی ڕەخنەیی کلۆد دوشیە، تا چەندە توانای شیکردنەوەی بونیادی زمانی هەیە؟ ئایا تا چ ڕادەیەک، دەقێکی گێڕانەوە بەپێی چەمکەکان و بنەماکانی ئەم تیۆرە کۆمەڵگای دەق و کۆمەڵگای سەرچاوە و سۆسیۆگرام تێیدا دەرکەوتون؟ ئایا لەناو کایەی زماندا تا چەند ئەو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییە دەگرێتەوە خۆی؟ لە ڕۆمانی بەردەست، تا چ ڕادەیەک ئەو بنەمایانە لەخۆدەگرن؟

### 0-3-سنوری توێژینەوەکە:

سنوری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی ڕۆمانی (پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە)ی مەحمود نەجمەدینە، لە لایەکی دیکە چونکە هەردو ڕوانگەی تیۆری پیر زیما و کلۆد دوشیە، ئاراستەیەکی نزیک لەیەکیان هەیە، کە هەمیشە لەپاڵیەکدا ناویان دێت، بۆیە توێژەر لە دەرخستنی بنیادی زمندا دەیەوێت نزیکایەتی و ئەنجامگیرییەکەیان بەدەربخات.

**0-4-ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی توێژینەوەکە جێبەجێکاری تیۆرییەکی نوێی ڕەخنەی ئەدەبییە، گەڕانە بە دوای ئەو پرسیارانەی توێژینەوەکە لە چوارچێوەی تیۆرەکەدا ئاراستەی دەکات. ئەو خوێندنەوەیە پێچەوانەی ئەو تێگیشتنەیە، کە دەق لەڕێی کۆمەڵگاوە ڕاڤە بکرێت، بەڵکو لە ڕێی زمانی دەقەوە، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتەڕو. هەر ئەمەش هۆکارێکی گرنگی هەڵبژاردنی توێژینەوەکەیە.

**0-5- گرنگی توێژینەوەکە:** وێڕای دەرخستنی تیۆرییەکی گرنگ لە نێوان کۆمەڵگا و زماندا وەک توێژینەوەی ئەکادیمی، کە ئاقارێکی تازەی کاری توێژینەوەی ڕەخنەیی نوێیە، لەلایەکی دیکە ئەم ڕوانگە ڕەخنەییانە، کەم تا زۆر سەروسەودایان لەگەڵ میتۆدەکانی دیکەی ڕەخنەدا هەیە، کە سنوربەندی نێوانییان و ئاستی ئاوێتەیی نێوانیان دەخەینەڕو.

## 1- چەمک و زاراوە و هەلومەرج و دەرکەوتەکانی کۆمەڵناسیی ڕەخنەیی:

### 1-1- دەرکەوتنی سەرەتاکانی کۆمەڵناسیی ڕەخنەیی:

لە ناوەڕاستی حەفتاکان و هەشتاکاندا پیر زیما و کلۆد دوشیە، وەکو ئاراستەی پۆست فۆرمالیزم، لە کۆمەڵناسیی دەقدا دەرکەوتن، ڕەهەندێکی قوڵتریان بەخشییە کۆمەڵناسیی ئەدەبیات، چونکە ئەوان وەکو دو مارکسیستی نوێ، زیاتر پێداگریان لەسەر چیەتی زمانی دەقدا کرد. لەگەڵ ئەوەی وەکو فۆرمالیزمەکان کار لەسەر گەمە و هێڵ و هێڵکاری زماندا دەکەن، لە هەمان کاتدا سەرنج دەخەنە سەر چۆنیەتی ڕیوایەتکردنی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان لە پانتاییە فەرهەنگی و واتاییەکانی بەرهەمدا (تادیە، ۱۳۷۷: ۱۲۹). واتە زیما ئاشتەواییەکی دروستکرد لەنێوان میتۆدە دەرەکییەکان و فۆرمالیزمەکان و خوێنەردا، بۆیە لەکۆمەڵناسی دەقیدا، خوێنەر دەبێتە چەقی خوێندنەوە، لە هەڵێنجانی دەلالەتی تازە.

دوا بەدوای زیما، دوشیە چەمکی ئایدۆلۆژیا زەقتر دەکاتەوە و دەق بە ڕێنیشاندەری ئایدۆلۆژیا لە قەڵەم دەدات ((دوشیە، گوتاری بیردۆزی ڕێک وەکو گوتاری ئایدیۆلۆژیک لە ناخی چەند زاراوەی کۆمەڵایەتییدا لەدایکدەبێت و هەوڵی دەربڕینی ڕوانگە و خاڵە گرنگەکانی دەدات، لە هەلومەرجێکی زمانی و کۆمەڵناسانەی تایبەت، لەسەر ئاستی زمانی و دەلالی بیردەکاتەوە (زندیە، همکاران، ١٤٠٢: ١٦٤). لەم شێوازەدا خوێنەر لە ناوەڕۆکی ڕواڵەتیی بەرهەمەکە تێپەڕ دەبێت و پێکهاتەگەلێک لەنێو توێژاڵە شاراوەکانی بەرهەمەکەدا تاوتوێدەکات (Duchet, 1979: 314). بەم جۆرە خوێنەر سەرنجی خوێندنەوەکانی دەخاتەسەر خودی دەقەکە، بەڵام لە سەروتردا و لە دەرەوەی دەقەکەدا، بە دوای توخمە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگەڕێت (Angenot, 1989: 1). واتە ئەو پێشوازیەی کە خوێنەر لە زمانی بەرهەمەکەدا هەڵیدەهێنجێت بەو سیستەمە زمانییانەوە گرێدەدرێت، کە شێوەیەکی دیکەی دەقن.

**2-1- زاراوە کۆمەڵناسیی ڕەخنەیی:** کۆمەڵناسیی دەق و کۆمەڵناسیی ڕەخنەیی، هەردوکیان سەر بە ئاراستەی کۆمەڵناسیی دەقن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان زاراوەیەکیان بەکارهێناوە ((پیرزیما لە سالی (١٩٦١)، بۆ یەکەمجار زاراوەی (sociologie du texte)، بەکاردەهێنێت، کە زاراوەیەکی فەرەنسییە و بە مانای (کۆمەڵناسیی دەق) دێت، لە بەرامبەردا لە زمانی ئینگلیزییدا زراوەی (Sociology of Text)ی، بۆ بەکارهێنراوە)) (تادیە ، ١٣٧٧: ١٢٩). بەڵام دواتر کلۆد دوشیە، لە ژمارە (١)ی گۆڤاری ئەدەبیات ((لە ساڵی (١٩٧١)ی زایینی، زاراوەی (sociocritique)، بەکاردەهێنێت، کە زاراوەیەکی فەرەنسییە و بە مانای (کۆمەڵناسیی ڕەخنەیی) دێت، لە بەرامبەردا لە زمانی ئینگلیزیدا، زاراوەی (Sociocriticism)ی بۆ بەکارهێنراوە)) (حجازی، مرضیە، ١٤٠٠: ١١٠). ئەگەرچی هەندێک جار وەک هاوواتا و لەبڕی یەکتردا بەکاردێن (بایز، ٢٠٢٤: ٤). بەڵام لە ڕوی بنیادی ڕاڤەی زمانی بۆ دەق جیاوازن، کۆمەڵناسیی دەق، پەیوەستە بە ئاستی فەرهەنگی و دەلالی و گێڕانەوەیی، بەڵام کۆمەڵناسیی ڕەخنەیی، پەیوەستە بە بوارەکانی، کۆمەڵگای دەق و سەرچاوە و گوتاری کۆمەڵایەتی.

**3-1- سەرچاوە کاریگییەکانی کۆمەڵناسیی ڕەخنەیی:** یەکێک لە ڕەخنەگرە مارکسێستە سەرەتاییەکانی وەک جۆرج لۆکاش (George Lokash) (١٨٨٥-١٩٧١) گرنگی ئەوەیە ((لە ڕەخنەی کۆمەڵناسیی نوێدا، هەندێک کەس وەک بنیاتنەری ڕاستەقینەی زانستی کۆمەڵناسیی ئەدەبیات ناوی دەبەن (پویەندە، ١٣٨١: ٩٨). لەلایەکی دیکە گرنگییەکەی لەوەدابو، لۆکاش وەکو چوارچێوەیەکی بچوک سەیری ئەدەبیات دەکات، کە جیهانی گەورەی ڕاستەقینە لە خۆیدا ڕەنگدەداتەوە (شمیسا، ١٣٨٧: ١٥٣). بۆیە لۆکاش لە بەرهەمەکەییدا بە ناوی (تیۆری ڕۆمان)، باسی لە دیالێکتیکی جۆرەکانی ئەدەبیات کرد و گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە سەرهەڵدانی هەر جۆرە چوارچێوەیەکی ئەدەبی، لەگەڵ مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا پێکەوە گیرییان خواردوە (لوکاچ، ١٣٧٣: ٢٣- ٢٦). دواتر پێرزیما و کلۆد دوشییە ئەو تێگەیشتنە فراوانتر دەکەن.

دواتر باختین لە ڕۆمانی چەند دەنگیدا پێیوایە: زەینییەت و هۆشیاری کەسایەتییەکان، بە هیچ جۆرێک ناچێتە ژێر سێبەری دەسەڵاتی نوسەرەوە، لێرەدا دەنگی نوسەر بۆ خۆی هەر تەنیا دەنگێکی جیاوازە، لەپاڵ دەنگە ئامادەکانی دیکەی نێو بەرهەمەکە)) (باختین: ٢٠٠٨: ٧)، واتە هەریەک لەو کارەکتەرانە خاوەنی زمانێکی تایبەت و گروپ و ئایدۆلۆژیای خۆیانن، نوسەریش وەکو هەریەک لەو کارەکتەرانە خاوەنی زمانی خۆیەتی نە زیاتر. تێزەکانی جەخت لەوە دەکەنەوە، بەبێ باگراوندی نوسەر ئەستەمە بگەیتە مانا قوڵەکانی دەق (سلدن، ١٣٨٣: ٤٠). بەڵام زیما و دوشیە، ڕەهەندێ خوێنەر جارێکی دیکە بەشداری پێدەکەن، بەوەی کە نابێت دەقەکەش تەواو پەیوەست بکرێت بەسەردەمی خۆیەوە، چونکە خوێنەر بەشدارێکی کارای بەرهەمهێنانی دەقە، کە دەق سێیەم بەرهەمدێنێت.

هاوکاتی ئەو تێگەیشتنە جۆراوجۆرانەی جولیا کریستیڤا چەمکێکی وەک دەقاوێزان دەیهێنێتە پێشەوە. دوشیە لە چوارچێوەی گوتاری کۆمەڵایەتییدا، باسی چەمکی دەقاوێزان دەکات، کە خودی ئەو چەمکەی بە قەرز، لە کریستیڤا وەرگرتوە. کە بە بڕوای دوشیە، دەقاوێزان ڕاستەوخۆ گوێزانەوەی دەقی پێشوتر نییە، بەڵکو بریتییە لە گواستنەوەی بەها شاراوەکانی ناو کۆمەڵگای سەرچاوە و گوێزانەوەیان بۆ کۆمەڵگای دەق، لە ڕێگای دیالۆگەوە، واتە لە کۆمەڵناسیی ڕەخنەییدا خوێنەر تەنیا ئاوەزی لەسەر پەیوەندی ئەدەب و کۆمەڵگا نییە بەشێوەیەکی دیالێکتیکی هەروەک مارکس باسی دەکرد. بەڵکو بەجۆرێک لەگەڵ دەقەکان دەکەوێتە گفتوگۆ، لەوێ چەمکی دەلالەت بەرهەمدەهێنێت( Duchet, 87 :2005)، واتە ئەم جۆرەی دەقاوێزان دەچێتە ناو یاسای دەقاوێزانی گفتوگۆ، لەشێوەی کورتکردنەوەی ئامازە کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ کۆمەڵگای سەرچاوەدا، لە لایەکیتر لە ڕوانگەی دوشیە، ئەو چەمکە گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە

و لە ئاستێکی باڵاتردا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. یەکێک لەو فۆرمالیستە ڕوسەکانی وەک ڤلادمێر پرۆپ (١٨٩٥-١٩٧٠) دوشیە، کاتێک لە بنەمای گوتاری کۆمەڵایەتی باسی شانە دەکات، کاریگەری پرۆپی بە ڕونی لەسەرە، شانە پەیوەندی هەیە بەو وێناکردنانەی، کە نوسەر ئەنجامی دەدات، پاشان خوێنەران لە ڕێگەی هەمو توخمەکانی گێڕانەوەدا، بەو شانەیە دەگەن (حجازی، مرضیە، ١٤٠٠: ١٣٧). بۆیە خوێنەر بە ناچاری سەرنجەکانی دەخاتە سەر ئەم توخمە، بەمەش لەڕێگەی ئەم پارادۆکسە، نزیکایەتیەک لەگەڵ گوتاری نوسەرەکە پەیدا دەکات (Esquenize, Glinoer, 2016: 67). واتە هەمان ئەو دابەشکارییەی کە پرۆپ بۆ کەسایەتییەکان و ئەرکەکانییان دەکات، دوشییە بە جۆرێکی دیکە، لەڕێگەی دابەشکردنی ڕەهەندی کات و شوێن و کارەکتەر و زنجیرەی ڕوداوەوە بە هاوکاری چەمکی شانە گوتاری ئایدۆلۆژیک کەشف دەکات.

دوابەدوای کاریگەری پرۆپ، جولیان گرێماس (١٩١٧- ١٩٩٢)، یەکێکی دیکەیە لە سەرچاوەی کاریگەری کلۆد دوشیە، پرۆپ زیاتر حیکایەتی و ئەفسانەییە، چەند بابەت دەگێڕێتەوە، چەند کارەکتەر هەیە، کارەکتەرەکان بەسەر چەند جۆر دابەشدەبن، ئەو قسانەی پرۆپ، گریماس دێت، بە جۆرێکی دیکە بەراوردی دەکات، پێیدەڵێت: بونیادی ڕوکەش، یان نمونەی هەرکاری، لە ئاستی قولیشدا مامەڵە لەگەڵ گوتاردا دەکات (سجودی، ١٣٨٤: ٦٦). بۆیە دوشیە، کاتێک باسی کۆمەڵگای دەق دەکات، سودی لە تێزەکانی گریماس بینیوە، کە ((چۆن هەیکەلیەتی ڕۆمان لە ئاستی گێڕانەوەدا، لەڕێی ئەو کارەکتەر و شوێن و ڕوداوانەوە، لەگەڵ کۆمەڵگای سەرچاوە و هاوکۆک دەبن)) (بوغزە، ٢٠١٠: ٦٥). دواجار لەڕێی هەردو کۆمەڵگای دەق و سەرچاوە، گوتارێکی کۆمەڵایەتی بەدەردەخەن، کە بە سۆسیۆگرام ناسراوە.

یەکێک لەو ڕەخنەگرانەی لە بنیادگەری پێکهاتەییدا کە پێیوایە بو کۆمەڵگا چۆن بنیاتی هەیە، دەقیش بەهەمان شێوە بنیاتێکی هەیە، گۆڵدمانە، کە جەخت لەوە دەکاتەوە، بەبێ پشت بەستن بە دیدە کۆمەڵناسییەکان مەحاڵە لە ناوەڕۆکی دەقە ئەدەبیەکان تێبگەین، پێیوایە ڕوداوەکانی ناو کۆمەڵگا هەوێن و ئیلهامی دروستکردنی دەقی ئەدەبین (یاسین ، ١٩٩١: ١٢٨`). ئینجا گۆڵدمان خاوەنی کۆمەڵێک بنەماییە، تێگەیشتن، کە شیکردنەوەی ناوەخۆی دەقە ((بەجۆرێک دەستپێکی ئەو دەلالەتە لە ناوەوە بۆ دەرەوەی دەق دەکێشێت، ڕەخنەگر تێگەیشتنی بونیادە دەلالییەکانی ناوەوەی دەق، بۆ ڕەگەزەکانی دەرەوەی دەق ئاراستە دەکات)) (بایز، ٢٠٢٣: ٤٥٨). واتە تێگەیشتن پرۆسەیەکی یەکگرتوە، کە ناوکی بەرهەمی ئەدەبی پێکدەهێنێت. بۆیە دوشیەش لەکۆمەڵگای دەق و سەرچاوەدا کاریگەری بونیادی ناوەوە و دەرەوەی گۆڵدمانی بەڕونی لەسەرە، بەجۆرێک کۆمەڵگای دەق ڕەنگدانەوەی بونیادی ناوەخۆی دەقە و کۆمەڵگای سەرچاوە ڕەنگدانەوەی بونیادی دەرەوەی کۆمەڵگایە. (Leenhardt ،2004: 78). بەمەش کۆمەڵگای دەق و کۆمەڵگای سەرچاوە، بە ئیلهام وەرگرتن لە بونیادی ناوە و دەرەوە سەرچاوەیان گرتوە و دەبنە دو بنەمای تازە لای کلۆد دوشیە، بۆ هەڵێنجانی کایە ڕەخنەییەکە.

**پیر ماشێری(١٩٣٨- لەژیاندا ماوە):** بڕوای وابوە، هەر بەرهەمێکی ئەدەبی ئایدۆلۆژیایەکی شاراوەی لە پشتە، لە ڕێگەی کۆمەڵێک بۆشایی دەقەوە، خوێنەر دەتوانێت دەرکیان پێ بکات. کەواتە سەبارەت بە پرسی بەرهەمی هونەری و چەمکی گشتییەتی، لەگەڵ لۆکاش و گۆلدمان هاوڕا نییە ((ماشێری بە پێچەوانەی لۆکاش و گۆڵدمان، وەکو گشتێکی یەکگرتو سەیری دەق ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە وەکو شتێکی Decentred کۆوەنەبو سەیری دەکات (شمیسا، ١٣٨٦: ٣٦). ڕەخنەگری مارکسێست، دەبێت ناوچەگەلی کێشەلەسەری بێدەنگی لە هەر بەرهەمێکدا بدۆزێتەوە، پاشان نەوتراوەکانی دەق لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای خوڵقێنەرەکەی بدۆزێتەوە. هەر لێرەشدا کاریگەری لەسەر دوشیە داناوە، چونکە ((دوشیە پێیوایە، دەق گوتارەکە بە ئێمە ناڵێت، بەڵکو لە ڕێی زمانی دەقەکە و هەندێک ڕەمز و هێمای سیمۆلۆژیانە دەگەین بەم

گوتارە)) (Duchet,2005, 131). ئەمە سەرچاوەی کاریگەریەکەیە، چونکە ئەو ناکاملّیەیەی کە ماشێری باسی دەکات، کاریگەری لەسەر دوشیە داناوە، خوێنەر لەڕێی کۆمەڵگای دەق، ئایدۆلۆژیا نەبینراوەکانی دەق درکییان پێدەکرێت.

**4-1- بنەماکانی کۆمەڵناسیی ڕەخنەیی کلۆد دوشیە:** لە ڕاستیدا، کۆمەڵناسیی ڕەخنەیی دوشیە، پشت بە سێ چەمک و بنەمای سەرەکی دەبەستێت، چەمکەکانیش وەکو ((کۆمەڵگای دەق (text society)، کۆمەڵگای سەرچاوە (society reference)، گوتاری کۆمەڵایەتی (sociogram) لەخۆدەگرێت، هەر بەم پێیە، ناوبراو لە داهێنانی مانای بەرهەمدا، لە سێ چەمکی وەکو زانیاری (information)، نیشانە (indice) و بەها (Valeur)، کەڵک وەردەگرێت)) (Leenhardt،2004: 77). زانیاری سەبارەت بە جیهانی دەرەوەی دەق، نیشانەیەکە، کە هاوکات لە دەرەوە و ناوەوەی دەقدا بونی هەیە و دەربڕی سیستەمی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دەرەوەی بەرهەمە، بە داهێنانی کۆمەڵێک لە هێما دژەکان و لە ئەنجامی بەریەککەوتنەکان و پەیوەندییەکانی ناو دەق، بە هەر کام لە توخمانەدا بەها دەبەخشێت. دوشیە بەشێوەیەکی گشتی باسی سێ چەمک دەکات، ئەوانیش (کۆمەڵگای دەق و کۆمەڵگای سەرچاوە و گوتاری کۆمەڵایەتی)ن، کە باس و خواسێکی دورودرێژ لە خۆیان هەڵدەگرن:

**5-1- کۆمەڵگای دەق (text society):** لەبەرچاوگرتنی تێڕوانینی کۆمەڵناسی ڕەخنەییانە بەرامبەر بە دەقەکان، دەتوانین کۆمەڵێک بەرهەمی جۆراوجۆر لێکبدەینەوە، چونکە هەر نوسەرێک خاوەنی دونیایەک، لە دەرەوەی دەق و بەرهەمی خۆیەتی، کە هەمو هۆکارە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان ئەزمون دەکات ((کۆمەڵگای دەق خۆی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵەییەکی گەورەترە، کە کۆمەڵگای سەرچاوەیە، کە بەش بە حاڵی خۆی بۆ دنیایەک، لە دەرەوەی دەق دەگەڕێتەوە))( Salimikouchi, Ashrafi, 2015: 67- 82). نمونەیەک لە باشترینی ئەو بەرهەمانەی، کە بکرێت لەم بوارەدا لێکبدرێتەوە، چیرۆکە هێماییەکانن، چونکە هێما ((ئامرازێکە بۆ دەربڕینی داپۆشراو و ئەو ڕاستییانەی، کە بە هۆی سنورداریتییەکان، هەڵی دەربڕینی ڕاستەوخۆ و ئاشکرایان نییە))(رضایی، عباس، ١٣٩٥: ٦٣). واتە لێرەدا مەبەست لە چیرۆکە هێماییەکان، هەمو ئەو ئاماژە کۆمەڵایەتییانەن کە لەڕێگەی دەستەواژەی فەرهەنگی و پێکهاتەی دەقەکان دەردەکەون، چونکە ((ئەم دانە فەرهەنگیانە، هاوکار دەبن لە خستنەڕوی ڕوداوە مێژوییەکان، لە هەمان کاتدا پێکهاتەی ڕستەکانیش ئایدۆلۆژییەکان بە دەردەخەن)) (Duchet, 2005: 129- 131). واتە لێرەدا کێڵگەی سیاقی زمانی، لەناو هەناوی دەقەکانەوە بونیادەکە دەردەخات، بەبێ بەکارهێنانی هیچ ڕەگەزێکی دەرەکی وەک (سەردەمی نوسەر و هاوڕێی نوسەر و بارودۆخی سیاسی نوسەر و ...هتد) هەر بۆیە یەکە چیرۆکییەکان هێمایین و ئێمە بەرەو لێکدانەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگای دەق، بۆ ئاشکراکردنی ئایدۆلۆژییەکان ڕادەکێشێت. لێرەوە بو کە چەمکی بنەڕەتی کۆمەڵگای دەق سەری هەڵدا. کۆمەڵگای دەق ئەو کۆمەڵگایەیە، کە ڕۆمانەکە بە وشە وێنای دەکات، بەمجۆرە پەیوەندی ئەدەب و کۆمەڵگا پەیوەست دەکرێت بە هەناوی دەق و کێڵگەی زمانی دەقەکە(بولكعيبات، ٢٠١١: ٩٧). کەواتە جیاوازی لەگەڵ تین و لۆکاش ئەوەیە، کە هەوێنی تێزەکەی دوشیە سەرەتا لەسەر زمانی دەقەکەیە، لە کاتێکدا تین و لۆکاش هەوێنی تێزەکەیان لەسەرەتادا گەڕانەوەیە بۆ خوێندنەوەی دەرەکی. واتە هەمیشە لە کۆمەڵگای دەقدا ڕاستی خەیاڵی و لەبەرامبەردا، لە کۆمەڵگای سەرچاوەدا ڕاستی واقیعی بونی هەیە، بە وتەی دوشیە ((وامان داناوە، کە کۆمەڵگای ڕۆمان، لە هەمو ئەو دەقانەدا، کە یاساکانی ڕاستی پەیڕەو دەکەن، لە خودی بەرهەمەکەدا ڕەنگدەداتەوە))(duchet, 1973: 454). بەمەش دوشیە، باس لەو سیستەمە هزرییە دەکات، کە زمان وەکو توخمێکی کاریگەر، لەم پەیوەندییەدا بەشداری دەکات، بۆ بەرهەمهێنانی گشت ڕوداوە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژگاری خۆیان.

کۆمەڵگای دەق پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، لە جیهانی ڕاستەقینەی نوسەردا لەخۆدەگرێت، دوشیە پێیوایە ((دەکرێت گریمانەی ئەوە بکەین، کە کۆمەڵگای ڕۆمان لە هەمو ئەو دەقانەدا بونی هەیە، کە پەیڕەوی لە سیستەمێکی واقیعی لە گشت کۆمەڵگاکاندا دەکەن)) (تادیە، ١٣٧٧: ٣٢)). واتە هەرچەند ئاوەزی نوسەر بارگاوی بێت، بە ئەندێشەی جۆراوجۆر، دواجار دەتوانین لە کۆمەڵگای ڕۆماندا، ئەو کێڵگە سیاقییە زمانییە، درکپێبکەین، کە پەیوەستن بە هەناوی کۆمەڵگا.

**6-1- کۆمەڵگای سەرچاوە (society reference):** کۆمەڵگای سەرچاوە یارمەتیمان دەدات، باشتر لە کۆمەڵگای دەق تێبگەین ((لە سەرەتادا کۆمەڵناسیی ڕەخنەیی، بە تاوتوێکردنی شعرییەت، لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیانەی دەقدا دەگەڕێت، دواتر بەدوای ئەو سەرچاوەوەیە، کە لە کۆمەڵگاوە هاتوەتە نێو دەق، بەڵام دوای تێپەڕبون لە پرۆسە و گۆڕانێکی نارون))(maurus, 2014: 167 ) چونکە لە دەقدا، هەندێک توخمی ئەوتۆ هەن، کە ئاماژە بە کۆمەڵگایەک لە دەرەوەی دەقدا دەکەن، یان بە واتایەکی دیکە کۆمەڵگای سەرچاوە ((کۆمەڵێک نیشانەن، کە دەربڕی کۆمەڵێک ڕاستیین لە دەرەوەی ڕۆماندا، لە هەمانکاتدا ئەو شتەیە، کە دەقی ئەدەبی خۆی پەیوەست بە ڕاستی کۆمەڵایەتی پێشتر و دەرەوەی بەرهەم دەکات)) (Duchet, 2005: 128)، واتە ئەگەر لە کۆمەڵگای دەقدا، هەمو ئاوەزی خوێنەر لەسەر کێڵگەی سیاقی زمانی دەقدا بێت، ئەوا لە کۆمەڵگای سەرچاوەدا، خوێنەر دەبێت پێداچونەوە بە هەمو ئەو پرس و ڕوداوانەدا بکات، کە لە واقیعی ڕۆژگاردا ڕویان داوە.

کۆمەڵگای سەرچاوە، جیهانی ڕاستەقینەی نوسەر پێکدەهێنێت، کە ئەو بۆ داهێنانی جیهانی خەیاڵیی بەرهەمی ئەدەبی، ئیلهامیان لێوەردەگرێ، هەر بەم هۆیەوەیە کە ((نوسەرێکی موسڵمان، نەریتەکانی ئاینی خۆی و کۆمەڵگای خۆی باشتر وەسف دەکات، یان نوسەرێکی ئەفریقی، لە حاڵێکدا کە نوسەرێکی ئەوروپی باشتر دەتوانێت سەرمای زستان وەسف بکات، چونکە خودی ئەم وەسفانە سەر بە کۆمەڵگای جۆراوجۆرن)) (Salimikouchi,Ashrafi, 2015: 81 ).) بۆیە ئەم پەیوەندییە، لە نێوان کۆمەڵگا و ئەدەبییەت لە نێو ڕۆماندا، پێکهاتەیەکی سەربەخۆ پێکدەهێنێت، کە ڕاستی و خەیاڵ تێکەڵ بە یەک دەکات (حجازی، مرضیه، ١٤٠٠: ١٣٢). چونکە ڕاستە نوسەر لە ژانرەکەییدا، هەمو ڕەگەزە ئەدەبییەکانی وەک هەست و سۆز و خەیاڵ و ئەندێشەی خۆی تێکەڵ بە دەقی داهێنراوی خۆی دەکات، بەڵام واقیع بەجۆرێک ڕەنگدانەوەی بەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکەدا هەر دەبێت و تام و بۆن و ماکی ڕۆژگار هەر خۆی تەڕاتێن دەکات، دواجار ئەمانە گوتارێک بەرهەمدەهێنن، کە بە سۆسیۆگرام ناسراوە، کە ئەمەش جیاوازییەکی دیکەیە، لەگەڵ خوێندنەوە کۆمەڵایەتییە تەقلیدییەکان، چونکە گوتار وەکو ئارگیومێنتێکی ڕەخنەیی، لە نێو میتۆدە کلاسیکییەکان، تا ڕادەیەک غائیب بو.


**7-1- گوتاری کۆمەڵایەتی (sociogram):** کلۆد دوشیە، کە باس لە گوتاری کۆمەڵایەتی دەکات، گوتاری کۆمەڵایەتی زۆربەی کاتەکان پەیوەستە بە کۆمەڵگای ڕۆمانەوە ((لەگەڵ گەلێک لە بوارەکان گونجانی هەیە، چونکە ئەمە گوتارێکە کە هەمو کۆمەڵگایەک دەربارەی خۆی هەیەتی)) (Duchet, 2020: 87). بۆیەش زۆربەی کاتەکان گوتاری ئەدەبی پەیوەست دەکرێیت بە کۆمەڵگای ڕۆمانەوە بە وتەی ئانژێنۆ ((هەر شتێک، کە لە بارودۆخێکی کۆمەڵگادا دەگوترێت و دەنوسرێت، هەر شتێک کە لە چاپ دەدرێت، یان لە میدیا ئەلیکترۆنییەکاندا پێشکەش دەکرێت، بە شێوازەکانی تۆمارکردنی گوتار، لە دەقدا هەژمار دەکرێن (Angenot, 1889: 83). کەواتە گوتارە کۆمەڵایەتییەکان، ئایدیۆلۆژیا و جیهانبینییەکان نیشان دەدەن. واتە ڕاستە ڕەخنەگر دەیەوێت ئایدۆلۆژیای پشتی دەقەکە کەشف بکات، بەڵام

ئێستاتیکای دەق بەلایەوە جێگای بایەخە (بولكعيبات، ٢٠١١: ٩٧). بەمەش لێرەدا ڕۆڵی خوێنەر لە هەڵێنجانی کایە ڕەخنەییەکە، هیچی کەمتر نییە، لە ڕۆلی نوسەر و ئەدیب.

گوتاری کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک پرسیاری کۆمەڵایەتییە، کە لە بەرهەمی ئەدەبیدا وەسف دەکرێت و بەشێوەیەکی گشتی لە قاڵبێکی دژ و ناتەبادا خۆی نیشان دەدات، دوشیە پێیوایە سۆسیۆگرام ((کۆمەڵەیەک لە وێناکردنەوەکان، کە لە دەوری ناوکێکی ناوەندیدا سەرهەڵدەدەن و لە ڕێگەی ناسینی گوزارە دژەکەییەوە، دەکرێت بیناسین)) (Robin, 1993: 4). واتەگوتاری کۆمەڵایەتی وەکو کۆمەڵگای دەق کارناکات، بەڵکو بەجۆرێک توانا و تێڕامانی خوێنەر بەژداریدەکەن، لە هەڵێنجانی گوتارە کۆمەڵایەتییەکە. لە وتارێکدا بە ناوی سۆسیۆگرامی جەنگ دوشیە دەڵێت ((جەنگ بابەتێکی ئەدەبی نییە، بەڵکو مەسەلەیەکە، کە بۆ مرۆڤەکان هاتوەتە پێش و ئەدەبیاتیش توشی بوە. کەواتە دەبێت لەبەرچاوی بگرین)) (Duchet, 1995: 2). مەبەستی دوشیە، لە هێنانەوەی ئەم نمونەیە، بۆ ئەوەیە، کە وشەی جەنگ، تەنیا تایبەت نییە، بە چوارچێوە سیاسی و فەرهەنگی و ئەدەبیەکانی خۆیەوە، بەڵکو لێرەدا لە ئاستی گوتاردا مامەڵەی لەگەڵ کراوە. لە وەها حاڵەتێکدا، کۆمەڵگای ڕۆمانیش. بەو واتایە دێت، کە هەر بابەتێک، کە پێشتر لە کۆمەڵگادا بونیان هەبوبێت، لە بەرهەمی ئەدەبییەوە ئاشکرا دەکرێن، گوتارە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو دەقدا بەریەکدەکەون و گوتارگەلی جۆراوجۆر پێکدەهێنن (Duchet, 1979: 4). کەواتە کۆمەڵگای ڕۆمان وەکو سیستەمێکی سەربەخۆ وایە، کە لەلایەن گوتارە کۆمەڵایەتییەکانەوە، کە ڕەنگدانەوەی ڕەوتە هزرییەکانن، لە ڕێی تێگەیشتنی زمان بۆ لێکدانەوەی گوتارە ئەدەبییەکان لە نێو دەقدا دەردەکەون.

## 2- پراکتیزەکردنی بنەما ڕەخنەییەکانی کۆمەڵناسیی ڕەخنەیی لە ڕۆمانی (پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە)ی مەحمود نەجمەدین:

**2-1- کۆمەڵگای دەقی ڕۆمانی پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە:** کۆمەڵگای دەق لە ناوەکەییدا دیارە، تەنها لە نێو دەقدا بونی هەییە و تەنها ڕەنگدانەوە و وێنەیەک لە کۆمەڵگا مرۆییەکانە، لە کۆمەڵناسی ڕەخنەییدا ((ئامانج بەکارهێنانی ڕێساکان و داب و نەریتەکان نییە، بەڵکو لێکدانەوەی و شیکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانە، کە بەپێی ئەم کۆمەڵگایە، ڕاستییەکی دەستپێڕانەگەیشتو، لە ڕێگەی بیروباوڕی کۆمەڵایەتی (پێکهاتەی قوڵ) بەپێی پرۆسەیەک دەگۆڕدرێت و دەبێت بە دەقێکی (سەروپێکهاتە)) (حجازى، مرضيه، ١٤٠٠: ١٣٦). واتە دەقی ئەدەبی سەرلەنوێ دەلالەتی دیکە لە خۆی دەئالێنێت و خوێندنەوەکانی لە ناوەوەی دەقەوە دەستپێدەکات، تا ئەو کاتەی بگاتە دونیای دەرەوەی دەق. ڕۆمانەکە دوازدە بەش لەخۆیدەگرێت، لە ئاستی گوتاری زماندا، ڕەگەزپەرستی لە وڵاتێکی داگیرکەری وەکو عێراق، لە سەردەمی سەدام حوسێن دەخاتە ژێر پرسیاری جەوهەری، کە ئێمەش هەوڵدەدەین، لە ڕێگەی بونیادی زمان بە شوێن وەلامەکانیاندا بچین. بۆیە لە بینایی ڕۆمانەکەدا، ڕژێمی بەعس لە سڕینەوە و توانەوەی کورد دا کۆمەڵێک ڕێگای گرتۆتەبەر: وەک ئەم خشتەیەی خوارەوە:




یەکێک لەو هۆکارانەی کە ڕژێم لە سڕینەوەی ئەوی دیکە کورددا بەکاری هێناوە، کیمیابارانکردنە، کە دەیویست تاکی کورد لە ڕەگەوە هەڵتەکێنێ، کە شکۆفە وەکو کارەکتەری سەرەکی نێو تێمای ڕۆمانەکە، لە باشوردا ئەو ناوەی هەبوە، کە ئاوارە دەبێت، لە ئێراندا بە ناوی مەهتاب بانگی دەکەن، بۆیە لە دۆخێکی سەرگەردانییدا بە دوای شوناسی خۆی دەگەڕێت ((دایکی من دەناسن؟ گوڵانی منتان نەدیوە؟ من کێم؟ کوا ڕەگ و ڕیشەم؟ کوا زورپیەتم؟ ئەم خوێنە گەرمە کە ئاوا قوڵپ ئەدات، کوا سەرچاوەکەی؟ ئەم دڵە بە کەباب بوە کوا عاشقە ونبوەکەی؟)) (نەجمەدین، ٢٠٢١: ١). هێماییەکانی وەک(من کێم؟ کوا ڕەگ و ڕیشم؟ کوا زورپیەتیم) لە بونیادی زماندا تەنیا وەکو یەکەی فەرهەنگی نەماون، بەڵکو لە ئاستی گوتاریدا، بە مانای ئەوە دێت، کە تاکی کوردی لە سایەی دەسەڵاتی ستەمکاری ڕژێم، وەکو جەستەیەکی ئیفلیجی لێهاتبو، دەسەڵاتی بەسەر جولەی خۆشی نەما بو، ڕۆڵی لە کایەی کۆمەڵایەتی خۆیدا هێندە لاواز و دەرکەنارکرا بو، وای لێهاتبو بەرە بەرە ئیرادە و شانوشکۆی لەدەستبدات بۆیە شکۆفە لە پێکهاتەی گێڕانەوەدا، زمانی قسەکردنی چینی ژێر دەستەمان بۆ ڕون دەکاتەوە، کە دەڵێت: ((ئەگەر دایکم بگەڕایەتەوە، ئێستا کار لە جێگایەکی دیکە بو، باوکیشم شوێن پێی باوە گەورەکەی هەڵگرتوە، هێشتا دیار نییە و منیش بە تەواوی ماندوم)) (نەجمەدین، ٢٠٢١: ١٤). گوزارشتە لە نۆرمێک، کە هێزی باڵادەست لە ناو ئەو فەزایەی ڕژێمدا، بەجۆرێک دەستکاری سایکۆلۆژیای تاکی کورد دەکات، کە لە گێڕانەوەدا، بونیادی کاریگەرییەکە دەردەکەوێت، کە لێرەدا بونیادەکە لەسەر زمانی شکۆفە ڕوبەری مەرگ تۆختر و درێژتر دەکاتەوە.

کردەی هەڵەبجە لەو کردانەیە لە ئایدۆلۆژایی بەعسدا، هەمو ئەوانەی لەو شوێنە دەژین، بەشێک نین لە جەستەی وڵات، بەڵکو وەک ئەوی دیکەیەکی دوژمن دەردەکەون نە زیاتر ((باوکم گوێی دەرگای کولانەمان دانەخست، خوا بکەم تا دەگەڕێینەوە سەگ نەیانخوات، بەڵام باوکە نەگەڕاینەوە، مریشکەکانیش سەگ نەیخواردن، بەڵکە خەردەلە خنکاندنی، سەگەکانیشی خنکاند، جلەکانی شنرۆیش لەو باوەڕەدام هێشتا بەسەر تەنافەکەوەبن)) (نەجمەدین، ٢٠٢١: ١٣٧). واتە بەعس، بونی ئینسانی کورد لەسەر ئەم زەمینە ئەپسمۆلۆجیە، دەکاتە گرفتێکی فەلسەفی دژوار، بۆیە ئەم ڕۆمانە هەوڵدەدات، ببێتە مۆدێلێکی جیاوازی نوسین و شوێنێکی نێوان بواری بۆ شیکردنەوەی تێکتەنراوی ڕوبەرەکانی ژێردەستەیی، پرسی ستەمکاری و دەسەڵاتخوازی، هەوڵ بۆ ڕزگاری لەم پرسانەدا نیشانددا، واتە زمان وەکو بونیادێک لە ڕۆمانەکەدا ئەوەمان پێدەڵێت، کە چۆن تاکی کورد وەکو ژێردەستەیەکی بە کۆلۆنیکرا و بە ڕێگەی ئایدۆلۆژیی سیاسی دەچەوسێندرێتەوە.

لە دیمەنێکی دیکەدا، ڕێگەیەکی دیکەی سڕینەوە پەیوەستە بە بێماڵی و دەربەدەری ((منیش ئیتر لە شەقەی باڵ ئەدەم، دەبێ بڕۆمە شوێنێکی زۆر دور... شوێنێک هەزاران فرسەخ لە زەمینەوە دوربێت، ئەمە دوەم جارە منی شوم ماڵێک بە

کاوڵکردن ئەدەم)) (نەجمەدین، ٢٠٢١: ١٣٦). لێرەدا شکۆفە دوای ئەوەی لەماڵە تارانییەکەش جارێکی دیکە بێماڵ دەبێت، هەست دەکات ئیدی لە هەر شوێنێک بێت، نامۆیی و بێماڵی بەشێکە لە چارەنوسی تاکی کورد، بۆیە لە پێکهاتەی دەقەکەدا کە دەڵێت: (شوێنێک کە هەزاران فرسەخ لە زەمین دوربێت) گوزارشتە لەوەی بڕوات بۆ شوێنێک دەستی ئەمانەی پێنەگات، کە ئەوی دیکە گرێیەکی دەرونی وای بۆ دروستکردوە، هەمیشە هەست بەوە بکات، شومی و نەگبەتی بەشێکە لە چارەنوسی.

لە دیوێکی دیکەی ڕۆمانەکەدا، سەرۆک شوێنێکی پیرۆز و مەزنی هەیە، ئەوانی دیکە بەیەکەوە ئایدۆلۆژیاکەی تەواو دەکەن، واتە پاراستنی سەرۆک پاراستنی ئایدۆلۆژیاییە ((دەی من گوناهم چییە بەو شێوەیە سزا ئەدرێم، تاقەتم چو، ئینکەبەریم لەگەڵ ئەو چارەنوسە ڕەشەدا پێناکرێ، بۆچی دەبێ من باجی چێژبینینی یەکێکی دیکە بدەم)) (نەجمەدین، ٢٠٢١: ١٤). لە بونیادی ئەم کۆتێشنەدا ئەوە دەردەکەوێت، مەرجی تاوانبارکردن مەرجێکە چێژی تێدایە، نوێنەری شۆڕش لەناو پرۆسەی مەرگسازییەکە ئامادەیە، لەگەڵ کیمیابارانکردن کەرنەڤالی چێژ دەبەخشێت بە بکەرەکانی، واتە هەستەکە هەستی خۆتاوانبارکردن نییە، هەستی چێژبینینە، بۆیە کە دەڵێت: (بۆچی من باجی چێژبینی یەکێکی دیکە بدەم) دەلالەت لە سەرۆکی فەرماندە دەکات، کە سەدامە، بەمەش ئایدۆلۆژیاکە چێژ پەیوەست دەکات بە مەرگی ئەوی دیکە، کەچی لە بەرامبەردا شکۆفە کە دەڵێت: (دەی من گوناهم چیە)، (تاقەتم چو)، گوزارشت و دەربڕینەکانی شکۆفە لاوازن، بەشێکن لەو فەزا گشتییە و برەودان بەو چێژەی لە تاراژیدیای کوردیدا، سەرۆک دەیبینێت. واتە وشیاری سەرۆک وشیارییەکی ساختەیە، هەروەک ئەوەی کە مارکس باسی لێوە دەکات، واتە ئەو پاڵەوانەی لە پشت مەرگەوە دەردەکەوێت، بکەرێکە بە مەرگی ئەوانی دیکە، پاڵەوانبونی خۆی دەبینێت.

ئافرەتانی کورد دوای ئەوەی پیاوەکانیان دەڕۆن، ئیدی بڕیار دەدەن شو بە هیچ پیاوێکی دیکە نەکەن، ئەمەش دو حاڵەتە، یەک وەفاداری ژنی کوردە بەرامبەر پیاوی کورد، چونکە بەڵێنی داوە تاوەکو پیاوەکەی لە جەنگ یان زیندان نەگەڕێتەوە شو نەکات ((ئەی وەکو فەریبا باشە لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی میهراندا خەریکە گیانی دەرئەچێ، هێشتا کەس نازانێ میهران چۆتە کام دۆزەخ)) (نەجمەدین، ٢٠٢١ :٣٦). دوەم کوشتنی مەعشوقەکانی فەریبا و شکۆفە، کوشتنی باڵانبۆ و میهران بە تەنها نییە، بەڵکو کوشتنی فەریبا و شکۆفەیە، کوشتنی ئازادی و مافی کۆمەڵە مرۆڤێک و گەلێکی ستەمدیدەیە، بۆیە ئەگەر لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی سەیری ئەم پرسە بکەین، لە مۆدێرنیتەدا هەردو چەمکی ئازادی تاک و هاووڵاتی برەوی پێدەدرێت، بەڵام لە ئایدۆلۆژیای بەعسدا ئەو دو چەمکە شوێنێکیان بۆ مانەوە نییە ، چونکە هەر دو چەمکەکە بە هەڕەشە دەزانێت لە سەر پرسی عەرەبایەتی.


کاتێک باس لە دەقاوێزانی دوشیە دەکەین لە ڕۆمانەکەدا، بە جۆرێک لەگەڵ دەقەکان دەکەوێتە گفتوگۆ، بەو مانایەی کە ڕۆماننوس چەندین دیسپلین تێکەڵ دەکات، تا باشتر وەڵامی پرسیارێکی ئاڵۆز بداتەوە، نەوەک هەر تەنیا گواستنەوەی ئەو ڕوداوانە بۆ نێو ڕۆمانەکە، بەڵکو لێرەدا مەبەستییەتی ڕوبەرەکانی ژێر دەستەیی زیادتر تۆخ بکاتەوە ((لە دوای سەرهەڵگرتنی حەسەن قوڵی باپیرەی میهرانەوە، بوە بە خو لەناو پیاوانی بنەماڵەکە، یەک یەک دەڕۆن و تەنانەت بە خەونیش ناگەڕێنەوە)) (نەجمەدین، ٢٠٢١: ٧١). کەواتە کورد بە دوای ئەوی دیکەیەکی حەقیقی خۆی دەگەڕێت، کە ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیەتی، نەک ئەوی دیکەیەک، کە دەسەڵات تەحەکومی پێوەبکات و ئەوی دیکەی من بخاتە ژێر باندۆر و هەیمەنەی خۆیەوە (( تەنانەت سێڵاو و قوڕاو و گۆمێلکە ئاوی چاڵەکان، دەڕۆن و بەشێکیان دەچنە نێو زێرابەکانەوە، بەشێکیشیان لە چاڵ ونزماییەکانی سەر زەویدا تا ماوەیەک دەمێننەوە، پاشان وردە وردە زەوی هەڵیان دەمژێ)) ( نەجمەدین، ٢٠٢١: ٨). بۆیە لە بینایی زماندا، دەستەواژە و ڕستەکانی وەک (بەشێکیشیان لە چاڵ و

نزماییەکانی سەر زەویدا تا ماوەیەک دەمێننەوە)، (پاشان وردەوردە زەوی هەڵیان دەمژێ)، دەلالەتی دیکە لە خۆیان باردەکەن، واتە ئایدۆلۆژییەکە لە بری ئەوەی ژیان لەگەڵ خۆی بهێنێت، مەرگ لەگەڵ خۆی دەهێنێت، بە جۆرێک مەرگ دەگاتە ئاستێک، خاکی کوردستان ببێتە خاکی گۆڕی بە کۆمەڵ و زیندەبەچاڵکردن.

شوێن ئەو ڕوبەرە گرنگەیە، کە ئایدۆلۆژیا بونی خۆی تێدا دەبەستێتەوە و بونی ئەوانی دیکەیش کۆنترۆڵ دەکات، ئەرکی ڕژێم تەنیا گۆڕینی شوناس و زمانی کورد نییە، گۆڕینی شوێنەکەشیەتی، گۆڕینی دیمۆگرافیای کەرکوک و شارەکانی دیکەیە ((بنەماڵەی موشعل وەکو ڕەوەداڵ، لە گەرمەسێر ستاریان گرت، کەچی وەکو مریشکە ڕەشە، هەر ئەوەندە هێلکەیان کرد، خاوەن ماڵیان دەرپەڕاند، لێ کە یەکێکیان لێدەمرێ تابوت لەسەر شان دادەنێن و دەیبەنەوە بۆ دەشتی سوتێنەری بەعقوبە)) نەجمەدین، ٢٠٢١: ١٠). ئەوە هۆگربونی ناسنامەییە، واتە گێڕەرەوە دەیەوێ بڵێت شکۆفە لەخۆوە نییە، کە دەیەوێت بگەڕێتەوە جێگا ڕاستەقینەکەی خۆی کە کەرکوکە، دەیەوێت بڵێ کورد بەردەوام هۆگری بە خاکەکەی خۆیەوە هەیە، هەروەک چۆن عەرەبەکە لە خاکی کوردان خۆی بە نامۆ دەبینێت، تاکی کوردیش بە هەمان شێوە ئولفەتی بەو شوێنەوە هەیە.

کەواتە ئێمە لە کۆمەڵگای دەقی ڕۆمانی (پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە)دا، لە ڕێگەی گوزارە سیماییەکان و دانە فەرهەنگییەکان و پێکهاتەی ڕستەکاندا، بنیادی زمانمان خستەڕو، بە جۆرێک کە هەمو ئەو دانە فەرهەنگی و پێکهاتە ڕستەییانە، لە خوێندنەوەی پەیوەندی ئەدەب و کۆمەڵگادا، کۆمەڵگای دەقی کوردیان لە ڕێگەی کێڵگەی سیاقی زمانییدا خستەڕو، بەبێ بەکارهێنانی هیچ ڕەگەز و توخمێکی دەرەکی، واتە هەوێنی تێزەکەمان لە کۆمەڵگای دەقدا، بەتەنها لەسەر توخمی زماندا هەڵێنجاوە.

**2-2- کۆمەڵگای سەرچاوەی ڕۆمانی(پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە):** لە کۆمەڵگای سەرچاوەدا نوسەر دەبێت بۆ ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان بگەڕێتەوە و بە شێوەی ئاشکرا یان ناڕاستەوخۆ، ڕوداوەکان و ئەندێشەکانی زاڵبو بەسەر کۆمەڵگادا نیشان بدات ((بونی کۆمەڵگایەکی سەرچاوە پەیوەندی دەق لەگەڵ ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی – مێژویی لە دەرەوەی دونیای ڕۆمان، کۆمەڵگاگەرایی دەقی ئەدەبی نیشان دەدات. ئەم پێوەندییە، لە نێوان کۆمەڵگاگەرایی و ئەدەبییەت لە نێو ڕۆماندا، پێکهاتەیەکی سەربەخۆ پێکدەهێنێت کە ڕاستی و خەیاڵ تێکەڵ بە یەک دەکات)) (حجازی، مرضیە، ١٣٧٧: ١١٢). لە ڕۆمانەکەدا لە ڕێگەی کۆمەڵێک گوزارەی سیمایی، کۆمەڵێک وێنە و شوێن و کات و زنجیرەی ڕوداو خۆیان دەردەخەن، ڕێگا بۆ ڕاڤەی کۆمەڵگای سەرچاوە و کۆمەڵێک پرس و بابەت خۆش دەکەن، کە سەرەتا لە چوارچێوەی هێڵکارییەک دەیانخەینەڕو:





ڕوداوەکانی ئەو ڕۆمانە لە ڕوی کاتەوە، بەسەر دو جۆرە کاتدا دابەش دەبن، بەجۆرێك ڕوداوی یەکەمیان پەیوەستە بە

سەروەختی کیمیابارانی هەڵەبجەی ساڵی ١٩٨٨، هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی دەسەڵاتی سەدام حوسێن کە ((دوابەدوای دەسەڵاتی ئەحمەد حەسەن بەکر، سەدام حوسێن لە ساڵی ١٩٧٩، دوای دەسەت لەکارهەڵگرتنی ئەحمەد حەسەن بەکر وەک سەرۆک کۆماری نوێی عێراق، جڵەوی دەسەڵات دەگرێتە دەست (تۆفیق، ٢٠٠٤: ١٢٤- ١٢٩). بۆیە لە یەکێک لەو وەسفانەدا، ئەو ململانێیە ئایدۆلۆژییەی سەدام نوێنەرایەتی دەکات لە بینایی زماندا دەردەکەوێت ((پەڵە هەوری ڕەش و چڵکن بەری ئاسمانییان گرتبو، دیمەن گوتی خاڵە فەرهاد بۆنی سیر دێت، هەناسەم توند بوە، سۆزان منداڵێکی لەپاڵ دیواری ماڵی حاجی عەڵیدا بینی، پێستی بەڵەک ببو، گوێم لە کۆکە کۆکی شنروێ بو، هەناسەی توند ببو)) (نەجمەدین، ٢٠٢١: ٥٩). کە لێرەدا دەستەواژەکانی (بۆنی سیر و بەڵەک بونی پێست و هەناسە توندی)، جگە لە مانا فەرهەنگییەکانی خۆیان، مانای دیکە لە خۆیان دەئاڵێنن، گوزارشت لە کۆمەڵکوژییەکەی هەڵەبجە دەکەن، گۆڕینی واتاکانی ئەم زاراوە و ڕستانە، لە ئەنجامی ئەو ململانێیە بو، کە لەو قۆناغەدا زاڵبو، واتە ئایدۆلۆژیای ڕژێم کاریگەری گەورەی لەسەر مانای ئەو دەستەواژانەدا هەبو، بۆیە لە پێکهاتەی دەقەکەدا گێڕەرەوە دەیەوێت گوتاری سڕینەوەی شوناسی کورد و مێژوی هەمو ئەو ڕوداوە واقیعیانەی بەسەر گەڵەکەیدا هاتوە، لە ڕێگەی ئەو دەلالەتە سیماییانە بەدەربخات. دیوێکی دیکەی بونیادی گوتار وەستاوەتە سەر هێماکان و دربڕینەکان، کە گێڕەرەوە لە میانەی گێڕانەوەدا دەریاندەبڕێت، بۆیە ڕوداوی دوەمیان لە ڕوی کاتەوە پەیوەستە بە شەڕی عێراق و ئێران و پەیوەندیان بە ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨) هەیە، کە پاشماوە و شوێنەوارەکانی ئەم شەڕە، کاریگەری زۆری لەسەر تاکی کورد و ژینگەی کوردستان داناوە، کە هەموویان وەک دیمەن لەناو گوتاری ستمەکاریدا خۆیان دەبیننەوە (دوای دانانی سنور، پاشان ئەم تەڵە دڕکاوییەیان دروستکرد، بەوەشەوە نەوەستان قەراغی تەڵبەندییەکانیان مینرێژ کرد، مین هەزاران دەست و قاچی بڕییەوە، سەدان هەزار بنیادەمی بێگوناه بون بە قوربانی سنورەکان)) (نەجمەدین، ٢٠٢١: ١٤). کە لێرەدا دەستەواژەکانی( تەلی دڕکاوی و مین و بڕینەوەی قاچ و قوربانی سنورەکان) هاوکاریمان دەکەن لە دەرخستنی ئەو ڕوداوە، لەم چوارچێوەیەدا، ڕژێمی بەعس بە نوێنەرایەتی سەدام حوسێن، پەلاماری دراوسێکەی دەدات و بە خەونی کۆتاییهێنان بە دوژمنە کۆنەکەی مەزهەبی سونە، هەزاران کەس لەم شەڕەدا لەناودەچن، شەڕێک ئەم مەکینە گەورەیە بەردەوام مرۆڤی بۆ ڕادەهێنێت تا بیانکات بە خەڵوزی ئەم شەڕە.

لە فۆرمێکی دیکەدا پرسی ستەمکاری و سڕینەوە پەیوەستە بە ڕەهەندی کاتەوە، کە لە گێڕانەوەدا لە ڕێگەی کۆمەڵێك دەلالەتی فەرهەنگی و سیمیائی پێکهاتەی ئەو زەمەنە واقیعییە لەخۆیاندەگرن ((بۆنی خەردەل و تابون بە هەمو جەستەم دا بڵاوبوەتەوە، خەریکە دەمتاسێنێ، ئەگەر چارەسەرەکانی دکتۆر بابەک و شنەی پاک و باڵانبۆ نەبوایە، دەمێک بو خنکابوم)) (نەجمەدین، ٢٠٢١: ٧٨). کە لێرەدا خەردەل و تابون پەیوەستن بەو پێکهاتە زەمەنییەی، کە ڕوداوی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەی لێکەوتەوە، بۆیە گوزارەی ئەو یەکە سیماییانە، لە ئاستی فەرهەنگیدا دەرچون و تەنها لە چوارچێوەی کۆمەڵێک گاز نەماون، بەڵکو لەئاستی واتاییدا دەلالەتی دیکەیان بەرهەمهێناوە، کە قڕکردن و سڕینەوەی شوناسی گەلێکە، کەواتە دیاردەی زمانی دەتوانێ بەپێی قۆناغ و کات ئەو ململانێیە دەربخات، کە لە هەر کۆمەڵگایەکدا هەیە، واتە لێرەدا توخمی زمان وەک تێگەیشتنی بونیادگەرەکان و فۆرمالیستەکان توخمێکی داخراو نییە، بەڵکو سیمایەکی کۆمەڵایەتی بە دەق گێڕەرەوە بەخشیوە، ئەوەشی کە جیای دەکاتەوە لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، بەستنەوەی دەقەکانی گێڕەرەوەیە بەو زمانەی، کە لە ناواخنی دەقەکان، ئاماژەکان دەردەخات.

ڕەهەندێکی دیکەی گێڕانەوە لە کۆمەڵناسیی ڕەخنەییدا پەیوەستە بە شوێنەوە، کە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی هەیە، هەروەک ئەم خشتەیەی خوارەوە:




بە جۆرێک شوێنەکانی وەک ( کانی،گەڕەک، شاخ، کۆڵان، گوند و شار)، هەموویان بەشدارن لە بونیادی قوڵی کۆمەڵگای سەرچاوەدا، دەوریان دەبێت، لە دارشتنەوەی هەمان گوتاری ستەمکاری، کە بەردەوامی بە پرسی سڕینەوەی ناسنامە دەدات، بەمجۆرە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی ڕۆمانەکەدا، ناوی چەند شوێنێک لەسەر زاری شکۆفە و کارەکتەرەکانی دیکەدا هاتوە ((میهرانی ساوام لە کۆڵ کردبو، شار بە شار، گوند بە گوند، بە شوێن ڕەزای ڕۆحمدا گەڕام و نەمدۆزییەوە، سایین قەڵا و سیمنان و ڕامسەر و بەندەر ئەنزەڵی و هەمەدان و ئەسفەهان و کاشانیش گەڕام نەمدۆزییەوە)) (نەجمەدین، ٢٠٢١: ٧٤). کە لێرەدا هەریەک لەو شوێنانە کە خستمانەڕو، زیاتر فەزای قوربانین، کە دواجار ڕەهەندێکی ئایدۆلۆژی و گوتاری دەگوازنەوە، کە تاکی کورد لە هەر شوێنێک بێت، لە ناو ناسۆر و ئازار دەتلێتەوە و ئەوی دیکە وەکو سێبەر و مۆتەکە هەمیشە بە دوایەوەیە، بۆیە لە چاوی ئایدۆلۆژیادا هەروەک چۆن کورد وەکو ئەوی دیکەیەکی دوژمن دەرکەوتوە، بەهەمان شێوە شوێنەکانیش بێ گوێدانە گەڕەک و شەقام و شار، سەر بە نیشتیمانی هەمان ئەوی دیکەی دوژمنن،کە دەبێت لە زەویدا نغرۆبکرێن، ئەمەش لە ئاستی گوتاریدا دەلالەتە لەوەی کارەکتەری کوردی لە هەر شوێنێک و هەر پارچەیەک بێت دەبێت شوناسیان بسڕێتەوە.

لە فۆرمێکی دیکەدا ئاماژە بە چەند شوێنێکی دیکە دەکات، کە وەکو هەمان توخمی کاریگەر، لەپاڵ توخمەکانی دیکەی گێڕانەوە گوتارەکە تەواو دەکەن ((خەڵک لە نێوان هەیوان و ژێر زەمین و بەر دەرگا و سەر سوچی کۆڵان، لار دەبونەوە و دەکەوتن بە ئەرزدا و دەخنکان)) (نەجمەدین، ٢٠٢١: ٢٧). لە ڕاستیدا سەر لەبەری ئەم شوێنانە لە ڕۆمانەکەدا، لەگەڵ ڕەهەندەکانی دیکەی وەک کات و زنجیرەی ڕوداو بونیادێکی کۆمەڵایەتی هاوبەش پێکدەهێنن، کە ئامانج تێیدا سڕینەوەی شوناسی میللەتی کوردە، واتە شوێنەکانیش بە هەمان شێوەی کارەکتەرەکان، ڕۆماننوس بە دەنگیان دێنێت ((گوریسەکەی من لە ناوەڕاستەوە قرتاوە، ساڵەهایە سەرێکی گوریسەکەم بە دەستەوەیە و نازانم ئەو سەری لە کوێیە، لە ڕامسەرە لە بیاوێلەیە، لە ئیلامە یان لە بیارەیە، یاخود لە سینانە)) (نەجمەدین، ٢٠٢١: ١٣). لە لایەکی دیکەوە لە هەڵبژاردنی ناوی شوێنەکاندا، نوسەر زۆر بە وریاییەوە کاری لەسەر زمانی شوێنەکان کردوە، شوێنە ناسراوەکانی هەڵەبجە دەکاتە سەکۆی ڕوداوەکانی ڕۆمانەکەی (عەبابەیلێ، هاوار، کانی ئاشقان و ..هتد)، ئەمەش مانای دیسان گەڕانەوەی ئەو هێمایانەیە بۆ ناو کۆمەڵگە، لە ڕێگەی سیحری زمان و گێڕانەوەدا ((هەر چەند دەکەم ناتوانم بچمە کانی نواڵە و ملە خوت و هاوار و ئەڵبورزیش بەو بڵندییە من ناگرێتە خۆی، باڵانبۆ نامناسێتەوە و داڵاهۆش دەڵێ تۆ نە لە خەڵکی باوەجان دەچی، نە لە خەڵکی غەوارەی؟ بیاوێڵە و عەبابەیلێ دەڵێت من بە ژیانم تۆم نەدیوە، وەلی عەسریش سەد جاری پێگوتوم

تۆ کچی من نیت))(نەجمەدین، ٢٠٢١: ٩). کە لێرەدا بنیادی ئەو شوێنانە، لە لە ئاستی گوتاریدا پەیوەندی بە میراتگری ئایدۆلۆژی ستەمکار و ستەملێکراودا هەیە، کە گێڕەرەوە دەیەوێت بڵێت: هەرچەند ئاوارە و کیمیابارانم بکەیت، لە زێدی باو و باپیرانم زیندە بەچاڵم بکەیت، هەرچەند بتەوێت لە بایوێڵە و عەبابەیلی و...هتد، ڕاوە دوم بنێیت، بەڵام دواجار ناتوانی ئوڵفەتی من بۆ ئەو شوێنانە زەرەیەک کەم بکەیت، چونکە من ئەوی دیکەیەکم کە ڕیشەیەکی مێژوییم بۆ شار و گوند و زمان و نیشتیمانی خۆم هەییە، ورەم هێندە بەرزە، وەک بەرزایی چیای ئەلبورز، ڕەگم هێندە قوڵە، کانی نواڵە و ملە خورت هەرچەند شەپۆلم تێهەڵبدەن، دواجار هەر دەکەومە کەناراوەکانی کانی ئاشقان.

ڕەهەندێکی دیکە لە ئاستی زمانییدا پەیوەستە بە کارەکتەر و کەسایەتییەکانی نێو گێڕانەوە، کە هەر کارەکتەرە و سەر بە چینێکی دیاریکراوە و لە ڕێگەی ئەم ڕەهەندەی گێڕانەوەدا، ئایدۆلۆژیاکانیان درک پێدەکەین، لە ڕۆمانەکەدا بە شێوەیەکی گشتی دو دەستە و تاقمی سەرەکی لە خۆی دەگرێت: تاقمی یەکەم پەیوەستە بە خەسڵەتەکانی ئایدۆلۆژیای ستەمکار، کە لە فۆرمی دەسەڵاتدا، باڵادەستی هێزە بەسەر بچوکەکاندا، بۆیە ستەمکاری زۆر فۆرمی هەیە، کە لەناو هەناوی زماندا دەردەکەون، فۆرمی سەدام حوسێن لەناو ستەمکارییدا وەکو خۆ دەرخستنی سەرکردەی کاریزما، لە ڕێی دەلالەتەکانی گێڕانەوەدا دەردەکەوێت بۆ نمونە لە وەسفی یەکێک لە کارەکتەرەکاندا بە ناوی ئەبو حەمادەدا هاتوە ((ئەبو حەمادە سێ جار پێیگوتوە سواری فرۆکەکە بە، بەڵام ئەو مکوڕ بوە لەسەر بەڵێنەکەی، وتویەتی ناتوانم بۆمبارانی خەڵکانێک بکەم کە بێگوناهن، ئەبو حەمادەش گوتویەتی مادام ئەوەندەت خۆشدەوێن، تۆ پێش ئەوان ڕەوانە دەکەم)) (نەجمەدین، ٢٠٢١: ٣٣). دەلالەتە زمانییەکانی وەک تۆپباران و بۆمباران و ئەبو حەمادە، شێواز و دەرکەوتەی جیاوازی بە خۆیەوە بینیوە، کە لێرەدا ئەبو حەمادە نوێنەری چینە باڵادەستەکەیە، کە چەکوشی ستەمی بە دەستەوەیە و لە فۆرمێکی دیکەدا کڵتوری باڵادەستی هێز و ئەتکردنی دیموکراسی، لە چوارچێوەی ڕەگەزپەرستیدا بەردەوامی بە خۆی دەدات ((پەریسا لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی مەنوچەهردا مرد، بەعسییەکان لە سێدارەیان داوە، ئەو زاڵمانە باوەڕیان بە ئازادی دیڵ نییە، تاقەتی یەخسیر هێشتنەوەشیان نییە))(نەجمەدین، ٢٠٢١: ٣٨). ئەمە لە نێو بونیادی گێڕنەوەدا، گوزارشتە لەوەی کە باڵادەستی هێز ئەم هزرەی خوڵقاندوە، کە لە پێکهاتەی بەعسی و باوەڕ نەهێنان بە ئازادی دیل و یەخسیر نەهێشتنەوە، (ئەوی دیکە)ی کورد بە جۆرێک خراوەتە پەراوێزەوە، کە تەنانەت ناسنامە و بەها و کڵتوریشیان بەر چەمکی سڕینەوە بکەوێت.

تاقمی دوەم لە ڕۆمانەکە پەیوەستە بە خەڵکی ڕەش و ڕوت و قوربانییەکانی کیمیایەکە، کە هەمان باڵادەستی ستەمکارییان بە سەرەوەییە، بەڵام لە ڕێی زمانەوە خۆی جیا دەکاتەوە، چینی خوارەوە چینێکی قوربانییە، دابڕانیان لە زێد و کەسو کاریان، قوربانییە لە پێناو ئەوی دیکە ((سەیرێکی ناو باخچەکەم کرد و گوتم دەی شەکیبا گیان، خوشکە ئازیزەکەم کوا ناسنامەکەی باوکم؟ خەردەل سەرخان و بنخانی سوتاند، شار ئاساری لەسەر پاداری نەما) (نەجمەدین، ٢٠٢١: ٢٧). لە پێکهاتەی بونیادی دەقەکەدا، ونبونی ناسنامە و سوتان و کەلاوەبونی شار لەو پێکهاتەیەی سەرەوەدا، ئاماژەی دەلالین بۆ کیمیاییەکە و ناسنامە و ئیرادەی گەلێک. یا لە فۆرمێکی دیکەدا کە دەڵێت ((چنور بە گریانەوە گوتویەتی چەند ساڵە ئەو خوشکە ئازیزەم ونکردوە، دەگەڕێمەوە بۆ هەڵەبجە و ئەوەی ماوە لە تەمەنم لەگەڵ خوشکەکەمدا بەسەری دەبەم)) (نەجمەدین، ٢٠٢١: ١٩). لێرەدا کارەکتەری چنور بۆتە ڕەمزی پارێزگاریکردن لە هەڵەبجە، کە گێڕەرەوە دەیەوێت بڵێت، لە پەنای هەمو ئەو ڕاماڵین و دەربەدەریە، بەڵام دواجار کارەکتەری کورد، ڕیشەیەکی مێژوی بۆ زێدی خۆی هەیە، چونکە دواجار ئەویٚ ناسنامەی سەرەتا و کۆتاییەتی، بۆیە هەرگیز بە مەرگیش دەسبەرداری نابێت. بۆیە دەرکەوتەی شوێنی کارەکتەرەکانی وەک پەریسا و مەنوچەهر و شکۆفە و فەریبا، ئەو سروشت و نەریتەی داگیرکەر دەردەخات، کە لەنێو


پێکهاتەی ئەو گەمە زمانییەدا، لە فۆڕمی جیاوازدا درێژە بە گوتاری ستەمکاری دەدەن. کەواتە پرسی سڕینەوە ناسنامە، لە هەمو ڕەهەند و توخمەکانی دیکەی گێڕانەوە ئامادەیی هەیە.

توخمی فرەزمانی، یەکێکە لە توخمە بنچینەییەکانی بنەمای دیالۆگ، کە بە هۆیەوە ئایدۆلۆژیاکانیان بەریەک دەکەوێت، چونکە زمانەکانی ناو ڕۆمان بەجۆرێک مەزرێندراون، کە هەریەکەیان گوزارشت لە شێوازی جۆراوجۆری چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەکەن (خطابی، مومنی، ٢٠٢١: ١٧- ١٧). بۆیە لە پێکهاتەی دەقەکانی ڕۆمانەکە، دەنگی جیاوازی ستەمکار، لە ڕێگەی سوپای بەعسی و ئەبو حەمادە و کارەکتەرە بەعسییەکان کە خستمانەرو، هاوکاتی دەنگی ڕەشوڕوتی نێو ڕۆمانەکە بەر یەک دەکەون، یەکەمیان دەیەوێت ئایدۆلۆژیای ستەمکاری خۆی پەرەپێبدات لە ڕێی باڵا دەستی هێزەوە، ئەوەی دوەمیان لە ڕێگەی کارەکتەرەکانی وەک شکۆفە و مەلا سیفولا و باجی گەوهەر و پەرێز و چنور ...هتد، پارێزگاری لە شوناس و ناسنامەی خۆیان دەکەن.

دواجار لە کۆمەڵگای سەرچاوەدا، هەمو ڕەگەز و توخمەکانی گێڕانەوە، هەر لە ڕەهەندی کاتەوە بگرە تاوەکو شوێن و کارەکتەر و زنجیرەی ڕوداوەکانەوە، بەشداری دەکەن لە دەستنیشانکردنی کۆمەڵگای سەرچاوەی ڕۆمانی (پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە)، واتە شوێنی هەر یەک لە کارەکتەرەکان و هەمو توخمەکانی دیکەی گێڕانەوە لە کۆمەڵناسیی ڕەخنەییدا، جێی هەڵوەستە لەسەر کردنە و لە هەڵێنجانی گوتارە ڕەخنەییەکە، بنیادی زمانی ڕۆمان بەدیار دەخەن.

### 3-2- گوتاری کۆمەڵایەتی ڕۆمانی (پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە):

لەڕۆمانەکەدا ڕەهەندی گوتار سێ دیمەن لەخۆی دەئاڵێنێت، هەروەک ئەم هێڵکارییەی خوارەوە:




دیمەنی یەکەم پەیوەستە بە گوتاری بەعسەوە، کە گێڕەرەوە لە ڕێی کارەکتەرە بەعسییەکانەوە، دەیەوێت گوتاری بەعس بەدەر بخات، کە لە ئایدۆلۆژی بەعسیشدا هیچ نەتەوە و زمانێک لەدەرەوەی عەرەبدا بونیان نییە، وە هەمو نەتەوەکانی دیکە هەڕەشەن لەسەر عەرەب، لە ڕاستیدا بەعس، کورد لەدەرەوەی شوناسی خۆی دەبینێت، چونکە شوناسی بەعس شوناسێکی عەرەبییە (امة عربية واحدة) ئەمە تاقە گوتاری باڵای بەعسە، دەبێت ئەوانی دیکە ئەو شوناسە بە باڵاییەوە ببینن، بە پێچەوانەوە زیندەبەچاڵکردن و گۆڕی بە کۆمەڵ، دو دروشم بون، لە ئەدەبیاتی بەعسییدا بۆ ئەوانەی لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیاکەی بەعسدا دەچنە دەرەوە ((ئەم سەگبابانە وەکو سەگ پەلاماری خەڵکی دەدەن، گوایە کاسێتێکی شیعری شێرکۆ بێکەس دزەی کردۆتە شارەوە، شیعر وەکو ئەسپەشێ پێی گرتوە و ئەحیلێنێ و قوات خاسە زیرەی لە حیلەی ئەو ئەسپە شێیە کردوە)) (نەجمەدین، ٢٠٢١: ١٣٧) لە ڕاستیدا ترسەکەی سەدام بەرامبەر بە ئەوی دیکەی کورد، لەووەوە سەرچاوەی نەگرتوە، کە کورد هێزێکی باڵادەستە، بەڵکو لە ئایدۆلۆژیای ڕژێمدا، هۆشیاری و

هەوڵدان بۆ پرسی ناسنامە و گیانفیدایی کارەکتەری کورد، بۆ ئاڵاو خاک و نیشتیمانەکەی، گەورەدترین هەڕەشە و مەترسین لە داهاتودا لەسەر پرس و مانەوەی عەرەب، بۆیە لە دیمەنێکی دیکەدا گێڕەرەوە زیاتر لەسەر قوڵایی گوتاری ئەم کردەیە دەوەستێت ((مڵازمی بۆگەن دوێنێ لە حاجی حان لە خت و خۆڕایی دەمانچەی خستۆتە سەر سەری کوڕێکی گەنج و وتویەتی گەواد بڵێ کورد مردوە، نەڵێ کورد مردوە ئەو تۆپێنین، ئەوجا بڕۆ لەو دنیا بڵێ کورد زیندوە)) (نەجمەدین، ٢٠٢١: ٧٣). لە ڕاستیدا زمان زۆر سەرسورهێنەرانە دەپەیڤێت، کە لێرەدا دەستەواژە و ڕستەکانی وەک (گەواد بلێ کورد مردوە، نەلێی کورد مردوە ئەو تۆپێنین، بڕۆ لەو دونیا بڵێ کورد زیندوە) پەیوەستە بە گوتارێک کە کاکڵی ئایدۆلۆژیایەکە، لە سرودی ئەی ڕەقیبەوە بە جۆرێک سەرچاوەی گرتوە، کە کوردەکان لەهیچ شتێک سڵی ناکەنەوە و بەردەوام خەون بە ئازادی میللەتەکەیانەوە دەبینن، بەردەوام ئەم شیعارانە وێردی سەر زمانی تاک بە تاکی کوردن، بۆیە بەعس ستەمکاری دەباتە قۆناغێکی مەترسیدارتر، کە لە سەروی کوشتنەوەیە، چونکە جەلاد قوربانی تەنیا بە کوشتن نەدەبینی، بەڵکو دەیویست دەرونی تێکبشکێنێت، تاکی کورد ئولفەتی شوێن و هەستی نیشتیمانی لەگۆڕبنێت و بە جۆرێک کەرامەتی بشکێنێت، ئەمەش ئەوپەری تیرۆرستییە بەرامبەر بە ئەوی دیکەی کورد.

دیمەنی دوەم لە ڕۆمانی (پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە)، پەیوەستە بە گوتاری کوردەوە، کە گێڕەرەوە لە ڕێی کارەکتەرە ڕەشو ڕوتەکانی کورد و کیمیبایەکە، دەیەوێت گوتاری کورد لە ناو هەیمەنەی زماندا نیشان بدات. بۆیە لە کۆمەڵناسی ڕەخنەییدا ((گوتار لە یەک کاتدا کردەی بەرهەمهێنانی دەربڕین و ئەنجامە هەستپێکراو و بیستراو و بینراوەکانە لە دەق ئەدەبیدا)) (Tourangeau, 1994: 143) بەڵام چونکە کۆمەڵناسیی ڕەخنەیی، تێزە سەرەکییەکەی پەیوستە بە دەلالەتی زمانییەوە، ئێمە لە ڕێگەی کردەی بەرهەمهێنانی دەربڕین زیاتر قوڵ دەبینەوە، بۆیە دەبێت، هەوڵەکانمان لە بواری زماندا چڕ بکەینەوە، بەم پێییە گوتاری دوەم زیاتر پەیوەستە بە کۆمەڵە کارەکتەرێک، کە بەرگری لە شوناسی نەتەوەیی خۆیان دەکەن، لە پێناو مانەوەیاندا دەجەنگن و ڕوبەڕوی دەیان ئاڵنگاری جیاواز دەبنەوە، بۆیە گێڕەرەوە لەسەر زمانی مامە جەمشید و شکۆفەوە، دیمەنی ئەو ئاڵنگارییانەمان بۆ وێنە دەکێشێت ((مامە جەمشید گوتی: گرنگ ئەوەیە ئەوسەری گوریسەکە جوان دیارە، پێم سەیرە تۆ نایبینی، من جوان جوان دەیبینم، لەبەر پێی دایە گەورە، هێواش هێواش هاتوە و سەد هەوراز و نشێوی بڕیوە، گەرمای بەتین و سەرمای سەختی دیوە، کۆڵی نەداوە، هەر هاتوە تا بە ئێرە گەیشتوە، لێرەش ناوەستێ، سەدان هەزار فرسەخی دیکەشی لەبەر پێدایە، دەبێ بیبڕێ، نابێ ڕاوەستێ، دەڕوا و دەڕوا، ئێمەش بە دوی دەکەوین)) (نەجمەدین، ٢٠٢١: ١٣). دەلالەتە واتاییەکانی ناو پێکهاتەی ڕستەکانی سەرەوە، گوتاری بەرگریکردن لە ناسنامەی نەتەوەیەک لە خۆیان دەئاڵێنن، لە ڕاستیدا کارەکتەری مامە جەمشید بە جۆرێک زمان دەبزوێنێ، کە کورد بکەوێتە دۆخێکی تەواو پێچەوانەوە، کە ئەگەرچی کورد ساڵەهای ساڵە لەناو ستەمدا دەژیت، هەزاران قوربانی و کیمایابارانکردن و ئەنفالی داوە، بە هەزاران ڕۆڵەی نیشتیمانەکەی لە پێناو خاکدا سەریان ناوەتەوە، بەڵام تاکی کورد، هیچ کات و لەبەرامبەر هیچ ئایدۆلۆژیایەک چۆکی دانەداوە.

لە ئەنجامدا گێڕەرەوە پرس و گوتاری ژیاندۆستی لە بەرامبەر مەرگدۆستی چڕتر دەکاتەوە، مەبەستی بکەربیەتی نوسین لەناو یەکتربڕینی کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژیدا بە جۆرێک دەردەخات، کە زمان دو جەمسەری ئایدۆلۆژی لەخۆی وێنا دەکات، کە هەریەکەیان نوێنەرایەتی جەمسەرێکی ئایدۆلۆژی دەکەن ((دێینە دەرەوە لەناو ژورەکەیا چێشت و نانەکە ئەخۆین، قابیلە چی ئەبێ ئەگەر قوات خاسەکان هاتنەوە، خێرا ئەچینەوە کونەکەوە، هێشتا لە کوێمانە، ئەوەنە قەڵەو ئەبین، لەم کونە جێمان نابێتەوە)) (نەجمەدین، ٢٠٢١: ٥٢). بۆیە ئەم ڕاکردن و خۆشاردنەوەیە لای مرۆڤی کورد، جۆرە گوتارێکی بەرهەمهێناوە، کە ئەبێ هەمیشە کپبین و هیچ کات بە ئازادی نەژین و تەنانەت مافی ئەوەشمان هەبێت بە

زمانی خۆمان قسە بکەین، بۆیە لە دیمەنێکی دیکەدا کە بە تەنزەوە دەڵێت: (ئەوەنە قەڵەو ئەبین، لەم کونە جێمان نابێتەوە)، لە ڕاستیدا دیمەنێکی کۆمیدی لە خۆی ناگرێت، بەڵکو دیمەنێکی هێندە تراژیدی لە خۆیدا هەڵدەگرێت، کە لە ئاستی گوتاریدا ئازارەکانی پەیوەستە بە هەزاران تراژیدیای جەرگبڕ، کە هیچ مەڵهەمێک ناتوانێت ببێتە هەتوان و چارەسەر بۆ ئەم دەردە، بۆیە کارەکتەری بەهرۆز لە ڕۆمانەکەدا، پارێزگاریکردنە لە پرسی مانەوەی خۆی و ترسی دەست پێڕانەگەیشتنی ئەوی دیکەی ستەمکارە لە بەرامبەری، لەلایەکی دیکە ئەگەر تێبینیمان کردبێت بە پێی ئەوەی لە دیمەنی یەکەم کە خستمانە ڕو زمانی کارەکتەرە بەعسییەکان بە جۆرێک مەزرێندراوە، کە زمانی مڵازمەکە پڕیەتی لە هەڕەشە و تۆقاندن و لە ناوبردن، لەبەرامبەردا زمانی کارەکتەرەکانی مامە جەمشید و بەهرۆز بێدەنگی و خۆشاردنەوە و هەڵاتن و خۆڕاگرییە، بۆیە دەربڕینی زمانی لە چوارچێوەی گفتوگۆدا لاوازتر دەرکەوتوە.

دیمەنی سێیەم لە ڕۆمانەکەدا پەیوەستە بە گوتاری ڕۆماننوسەوە کە لەگەڵ خەلکی ڕەش و ڕوتی نیشتیمانەکەی دایە و دەیەوێت پرسی پارێزگاریکردن لە ناسنامە و ئیرادەی گەلێک تۆخ بکاتەوە. دوشیە لە ژێر ڕۆشنایی گوتاری کۆمەڵایەتیدا باس لە ڕەهەندی زاڵبونی چینێک بەسەر چینێکی دیکەدا دەکات ((ئەرکی خوێنەر ئەوەیە لەنێو دەقدا، بۆشاییەکان درک پێبکات، تاوەکو زانیاری و وریایی نوسەر، کە بە چینەکەی بەخشییوە بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی دواجار ئایدۆلۆژییەکان کەشف بکات)) (Tourangeau, 1994: 146). لەژێر ڕۆشنایی ئەم تێزە گێڕەرەوەش لە ڕێگەی هێما و دەستەواژە زمانییەکان، پاڵپشتی و پێداگری خۆی بۆ چینی ژێردەستە دوپاتدەکاتەوە ((من لەوەتەی هەم بە شەقامێکی گڵدا دەڕۆم، هەندێک جار قوراوێکی لینجە شەکەت و ماندوم هێزم نییە پێ لە قوڕاو دەربهێنم، ڕێگاکەش تەواو نابێ، چاوەڕێ دەکەم پەڵە هەورە ڕەشەکان بڕۆن و خۆر دەرکەوێت، کە خۆریش دەرکەوت ئەمجارە ڕەشەبا هەڵدەکات، ئینجا گێژەلوکە بەری چاوم دەگرێ، کوێرم دەکات، بەر پێی خۆم نابینم، سوریش دەزانم ڕێگاکە هێندە دورە، هەزاران فرسەخ ماوە بیبڕم)) (نەجمەدین، ٢٠٢١: ١٤). لە ڕاستیدا توخمی زمان وەکو بونیادێک زۆر سەرسوڕهێنەرانە قسە دەکات، بە جۆرێک دەستەواژەکان دەلالەتی سەیر لە خۆیان دەئاخنێن، لێرەدا گێڕەرەوە دەیەوێت بڵێت هەمو سەرەتایەک کۆتاییەکی هەیە، هەمو ناخۆشیەک، خۆشییەکی بە دواوەیە، بەڵام کورد لە وەتەی هەیە، غەم و ناسۆر بەشێک بوە لە چارەنوسی، یا کە دەڵێت (هەندێک جار قوراوێکی لینجە، هێزم نییە پێ لە قوڕاو دەربهێنم، ڕێگاکەش تەواو نابێ) گوزارشتە لەوەی، کورد بە درێژایی مێژو هەر دەچەوسێندرێتەوە، لە ڕاپەڕین، لە کۆڕەوە، لەلایەک زیندانەکان پڕ دەکات لە مرۆڤی ئازادیخواز، لەلایەک گۆڕی بە کۆمەڵ بۆ کوردەکان هەڵدەکەنێت و شوناسی گەلێک دەسڕێتەوە، یا کە دەڵێت: (چاوەڕێ دەکەم پەڵە هەورە ڕەشەکان بڕۆن، کە خۆریش دەرکەوت ئەمجارە ڕەشەبا هەڵدەکات، ئینجا گێژەلوکە بەری چاوم کوێر دەکات، بەر پێی خۆم نابینم) بەمجۆرە گێڕەرەوە دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی کارەکتەرە سڤیلەکانی نیشتیمانەکەی، کە خەون بە ئازادییەوە دەبینن، چاوەڕێ دەکەن ڕۆژە سەختەکان تێپەڕن، سەیرانی ئازادی بکەن، لەپڕ کارەساتێکی دیکە بەسەر گەلەکەیدا دێت و جارێکی دیکە لەناو ئازاردا نغرۆدەبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گێڕەرەوە گوتارێکی دیکەی پێیە، کە سەرباری ئەم تراژیدیایانەی کە بەسەر میلەتەکەییدا هاتوە، هێشتا دەیەوێت لە لوتکەی نائومێدیدا هیوا بخوڵقێنێت، بۆیە کە دەڵێت (سوریش دەزانم ڕێگاکە هێندە دورە، هەزاران فرسەخ ماوە بیبڕم) واتە ئازارەکان هەر چەند وەک کەفی سەر دەریاش زۆربن، ڕۆژێک هەر دەگەنە کەناراوەکانی ئارامی و ئازادی دەستەمۆ دەکەن، بەمجۆرە ئەدیب دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی میللەتەکەی و دواجار ئەمانە هەمویان گوتارێک لە خۆیان دەخەملێنن، کە ئەو ئازادییەی، کە خەلکی سڤیلی ولاتەکەمان لەناو هەیمەنەی ئایدۆلۆژیای بەعسیدا بە دەستیهێناوە، ڕیشەیەکی مێژویی هەیە و هەزاران فرسەخی بڕیوە تا بە ئێرە گەیشتوە، کەواتە ئەدەبیات لەگەڵ خۆیدا، هەزاران ڕوداو و پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگای کوردیدا

دروستکردوە، کە گوتارگەلی میللەتێکی ستەمدیدە دەگرێتە ئامێز، بە جۆرێک هەمو ئەو نەهامەتییانە، لەنێو توخمی زماندا جارێکی دیکە سەرهەڵدێنن و لە پەیوەندی ئەدەب و کۆمەڵگادا ڕاستەوانە نابن، بەڵکو زمان بەجۆرێک لەگەڵیان دەکەوێتە گفتوگۆ، کە دەلالەتی دیکە و گوتارگەلی دیکە لە خۆیان هەڵدەگرن. بە لێکدانی دیمەنەکانی هەر سێ گوتار، دواجار گوتارێکی گشتی بەرهەم دەهێنن، کە ستەمکاری یەکسانە بە دەسەڵات، دەسەڵات بۆ مانەوەی خۆی بەجۆرێک لە جۆرەکان پەرە بە ئایدۆلۆژیای خۆی دەدات، بەڵام لە بینایی ڕۆمانەکەدا هێڵە سەرەکییەکەی ستەمکاری لای بەعس هێڵێکی سورترو تۆخترە، بەزاندنی ئەو هێڵە سورەش لە ئایدۆلۆژیای بەعسدا، هەڕەشە و مەترسییە لەسەر پرس و مانەوەی عەرەب.

**ئەنجام:**

کۆمەڵگای دەقی ڕۆمانی (پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە)گوزارشتە لە نۆڕمێک، کە هێزی باڵادەست لە ناو ئەو فەزایەی ڕژێمدا، بەجۆرێک دەسکاری سایکۆلۆژیای تاکی کورد دەکات، کە لە گێڕانەوەدا، بونیادی کاریگەرییەکە دەردەکەوێت، کە لێرەدا بونیادەکە لەسەر زمانی شکۆفە ڕوبەری مەرگ تۆختر و درێژتر دەکاتەوە.

لە ئاستی گوتارییدا (سۆسیۆگرام)، بە لێکدانی دیمەنەکانی هەر سێ گوتار، گوتارێکی گشتی بەرهەم دەهێنن، کە ستەمکاری یەکسانە بە دەسەڵات، کە دەسەڵات بۆ مانەوەی خۆی بەجۆرێک لە جۆرەکان پەرە بە ئایدۆلۆژیای خۆی دەدات، بەڵام لە بینایی ڕۆمانەکەدا هێڵە سەرەکییەکەی ستەمکاری لای بەعس هێڵێکی سورتر و تۆخترە.

لە بونیادی گێڕنەوەی کۆمەڵگای سەرچاوەدا، ڕۆمانەکە گوزارشتە لەوەی کە باڵادەستی هێز ئەم هزرەی خوڵقاندوە، کە لە پێکهاتەی بەعسی و باوەڕ نەهێنان بە ئازادی دیل و یەخسیر نەهێشتنەوە، (ئەوی دیکە) ی کورد بە جۆرێک خراوەتە پەراوێزەوە، کە تەنانەت ناسنامە و بەها و کلتوریشیان بەر چەمکی سڕینەوە بکەوێت.

لە پێکهاتەی دەقەکانی ڕۆمانەکە، دەنگی جیاوازی ستەمکار، لە ڕێگەی سوپای بەعسی و ئەبو عەمادە، هاوکاتی دەنگی ڕەش و ڕوتی نێو ڕۆمانەکە بەر یەک دەکەون، یەکەمیان دەیەوێت ئایدۆلۆژیای ستەمکاری خۆی پەرەپێبدات لە ڕێی باڵا دەستی هێزەوە، ئەوەی دوەمیان لە ڕێگەی کارەکتەرەکانی وەک شکۆفە و مەلا سیفولا و باجی گەوهەر..هتد، پارێزگاری لە شوناس و ناسنامەی خۆیان دەکەن.

لە کۆمەڵگای دەقی ڕۆمانی (پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە)لە بنیادی زماندا ئەوە دەردەکەوێت، کە بەعس، بونی ئینسانی کورد لەسەر ئەم زەمینە ئەپسمۆلۆجیە، دەکاتە گرفتێکی فەلسەفی دژوار، واتە زمان وەکو بونیادێک لە ڕۆمانەکەدا ئەوەمان پێ دەڵێت، کە چۆن تاکی کورد وەکو ژێردەستەیەکی بە کۆلۆنیکرا و بە ڕێگەی ئایدۆلۆژیی سیاسی دەچەوسێندرێتەوە.

## سەرچاوە

باختین، میخائیل (٢٠٠٨) سەودای وتوێژ. و: بەختیار سەجادی، چاپی یەکەم. سەقز: چاپخانەی خانی.
بایز، هەلمەت (٢٠٢٣) بنیادگەری پێکهاتویی لوسیان گولدمان لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی)ی (بەختیار عەلی)دا، گۆڤاری توێژەر، ٦(١)، 447-482.
تۆفیق، محمد حمه ساڵح (٢٠٠٤) جینۆساید لە عێراقدا پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی تیشک.
نەجمەدین، مەحمود (٢٠٢١) پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە، چاپی یەکەم، سنە، چاپخانەی مادیار.
بایز، هەلمەت (٢٠٢٤) کۆمەڵناسی دەق لە ڕۆمانی (کەوتنی بۆرەقەلا لە حیکایەتێکی کۆندا)ی ماردین ئیبراهیمدا بەپێی ڕوانگەی تیۆری پیزیما، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، ٩(٤) 1-17.
بوغزه، محمد (٢٠١٠) التعليل النس السردى. الطبعه اولى. الجزيره: منشورات الاختلاف جزائير.
بولكعيبات، نعيمه (٢٠١٥) المنهج الجتماعى فى النقد العربى المعاسر. دكتورا، جامعه باتنه جزائير.
پاسكادى، يون (١٣٨١) ساختگرايي تكويني و لوسين گلدمن. ت: محمد پوينده، چاپ اول. تهران: چشمه.
تاديه، ژان ايو (١٣٧٧) جامعه‌شناسى ادبيات و بنيان‌گذاران. ت: محمدجعفر پوينده، چاپ اول. تهران: نقش جهان.
سجودى، فرزان (١٣٨٤) نشانه‌شناسى و ادبيات. چاپ اول. تهران: فرهنگ كاوش.
سلدن، رامان (١٣٨٣) راهنماى نظريه ادبى معاصر. ت: عباس مخبر، چاپ دوم. تهران: طرح نو.
شميسا، سيروس (١٣٨٦) نقد ادبى، چاپ دوم. تهران: ميترا.
شميسا، سيروس (١٣٨٧) نقد ادبى. چاپ اول. تهران: فردوس.
لوكاچ، جورج (١٣٧٣) پژوهشى در رئاليسم اروپايى. ت: اكبر افسرى، چاپ اول. تهران: علمى.
ابراهيمى، ريحانه، كمالى، محمدجواد و جعفرى، سعدى (١٣٩٩) نقد تاريخى اجتماعى متن ادبى بر پايۀ نظريه كلود دوشه (مورد مطالعه: رمان به اميد ديدار در آن دنيا اثر پى‌ير لومتر)، پژوهش هاى زبان و ترجمه فرانسه، 3(2): 180-165.
حجازى، نصرت و مشگينى، مرضيه (1400) بررسى تطبيقى شازده كوچولو و قلعه حيوانات بر اساس الگوى جامعه‌شناختى كلود دوشه. پژوهش ادبيات معاصر جهان، 26(1): 142-110.
رضايى، ليلا و جاهدجاه، عباس (1395) تحليل تمثيل داستانى در پيرنگ داستان كوتاه. پژوهش زبان و ادبيات فارسى، ٣(42)، 85-61.
زنديه، فرانك و همكاران (1402) سوءقصد اثر ياسمينا خضراء: كاربست رويكرد جامعه‌شناختى كلود دوشه. پژوهش هاى زبان و ترجمه فرانسه، 6(2): 133-111.

Angenot, M. (1989) 1889: Un état du discours social, 1st edn. Montréal: Le Préambule.
Duchet, C. (1979) Sociocritique, 1st edn. Paris: Nathan.
Duchet, C. (1995) Lettres à sa mère, 2nd edn. Paris: Gallimard.
Leenhardt, J. (2004) Sociocritique de Littérature, Encyclopaedia Universalis, 9th edn. Chicago: Britanica, pp. 217-242.
Duchet, C. (1973) 'Une écriture de la socialité', Poétique, 16, pp. 446-454.
Duchet, C. (2005) 'Entretien avec Claude Duchet', Persée, 140, pp. 125-132.
Esquenazi, J-P. and Glinoer, A. (2016) 'Contexte', Le lexique socius, 17(2), pp. 1-32. Available at: https://ressources-socius.info/index.php/lexique/21-lexique/188-contexte (Accessed: 22 January 2025).
Robin, R. (1993) 'Le sociogramme en question. Le dehors et le dedans du texte', Discours social, 5(1-2), pp. 1-5.

Salimikouchi, E. and Ashrafi, S. (2015) ‘De la société du texte à la société du référent; lecture duchetienne de peur et de tremblement de Gholamhossein Saedi’, Études de langue et littérature françaises, 5(2), pp. 67-82.
Tourangeau, R. (1994) ‘La sociologie des textes comme méthode d’analyse du discours au théâtre’, L'Annuaire théâtral Revue québécoise d’études théâtrales, (15), pp. 141-157.